# کۆنگره

ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

ژماره ٥١ سەرماوەز – بەفرانباری ٢٧٠٩ی کوردی

خەبات لەپێناو دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد و دیمۆکرات و سەربەخۆ

Newsletter of Kurdistan National Congress (KNC) Nr. 51, November - December 2009






دوکتۆر خەلیقی:

**راپەڕینی سەوزەکان**

"ل ٣"



**وتووێژ لەگەڵ ئابووریناس دوکتۆر موعتەسەم تاتایی**

"ل ٥"



ڕێبوار نەلاسی:

**تاکەی کورد چاوەڕوانی هێزی دەرەکیی بێت!**

"ل ٢١"



ئەیوب ڕەحمانی

**ململانێی من لەگەڵ نیچە!**

"ل ١٣"



پارێزەر ژیر:

**گوندەکان و هەڵەبجە**

"ل ٢٩"

عەلی مەحموود محەممەد:

**وتاری شێخ محەممەدی موفتی، سووکایەتییەک بۆ سەرجەم کەمایەتییە ئاینییەکانی کوردستان!**

"ل ١٩"

# پەیامی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، بەبۆنەی هاتنی ساڵی ٢٠١٠ی زاینییەوە!

**ساڵی نوێی زاینیی لە هەموو هاونیشتمانانی کورد بەگشتی و، پێڕەوانی ئاینی مەسیحی بەتایبەتیی پیرۆز دەکەین. هیوادارین ساڵی داهاتوو، پڕ بێت لە خێرو خۆشی و سەرکەوتن بۆ هەموو کوردستانیانی هێژا و بەڕۆمەت لەسەرتاسەری کوردستان.**

**هاونیشتمانانی هێژا!**

خەبات و بەرخۆدانی جەماوەری گەلەکەمان لەساڵی رابوردوودا لەدژی سیاسەتی نامرۆڤانەی داگیرکەرانی کوردستان، پێینایە قۆناخێکی گەورەتر و بەربلاوترەوە. داگیرکەرانی کوردستان بە گەلەکۆمە و لە هەرچوارلاوە، لەچیا و سنوورەکانی نێوانیان و لەشارەکان، وەک پیشەی هەر ساڵەیان، دەستیان لە کوشتن و گرتن و شکەنجەی رۆڵەکانی کورد نەپاراست. **ڕژێمی داگیرکەر و فاشیستی تورکیا**، لەساڵی رابوردوودا، پاش ئەوەی هەموو هەوڵێکیدا

" بۆ ل ٢"

خەڵەف غەفوور:



**یەکێتی و پارتی، مەترسین بۆ سەر کەرکووک**

سەردەمانێکە، یەژین بەهۆی تەماعی عەرەب و پرۆژەی بیانی لە پشت تورکمانەوە، دۆخی چەوساندنەوە و پەراوێزخراویی لە کەرکووک درێژەی هەیە، زۆرجاران لەمەدا زیادەڕۆییمان دەکرد و چەندین بەیتوبالۆرەی سەیروسەمەرەمان ڕێکدەخست. ئەی ئێستا چی کە بەدەستی خۆمان دەمانەوێت،

"ل ٢٢ "



# دانیشتنێك لەگەڵ یووستاین

ئامادەکردنی: سەلاح گوڵئەندامی

"ل ٢٤"

## "ماوەی پەیامی کۆنگرەی نیشتمانیی ..."

بەرێگەی سەربازی و هەڕەشە و گوڕەشە و تۆقاندن و پیلانیگێڕیی، خەباتی سیاسی و چەکداریی باکووری کوردستان لەنێو ببا و، لە هەوڵەکانیدا سەرنەکەوت، ئەوجا وەک دوارێچارە پەنای بردە بەر داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی و گەڕێکی زیاتری بە هێرشەکانیدا بۆ سەر سیاسەتکاران و ئازادیخوازانی کورد لە شارەکان. بەڵام پاراستنی یەکگرتوویی بێوێنەی گەلەکەمان لە باکووری کوردستان بە هەموو چین و توێژ و لایەنێکی سیاسی و رۆشنبیری و مرۆڤی و کۆمەڵایەتییەوە، ئەو گەشبینی و ئۆمێدەمان پێدەدات کە ساڵی ٢٠١٠ی زاینی، ببێت بەساڵی سەرکەوتنی زیاتر بۆ گەلی کوردمان لە باکووری کوردستان.

**رژێمی مرۆڤکوژ و داگیرکەری ئێران**، کە بەهۆی کێشەی باڵەکانی نێودەسەلاتدارێتی و ناڕەزایەتیی جەماوەریی لەنێوخۆی وڵاتەکەی و، گوشاری نێودەوڵەتییەوە تەنگی پێهەڵچنراوە، چاوەڕواندەکرێت لەساڵی ٢٠١٠ی زاینیدا، بەرەورِووی کێشە و قەیرانی مەزنتر ببێتەوە. لەبەر ئەوە، نیشتمانپەروەران و ئازادیخوازان و ئەو حیزب و رێکخراوانەی کوردستان کە باوەڕیان بە سەربەخۆیی نیشتمانەکەیان هەیە و، بەکردەوە کاری بۆ دەکەن، پێویستە لەسەر پلاتفۆرمێکی هاوبەش بە ئامانج و درۆشمی روون و دیاریکراوی نەتەوەییەوە رێکبکەون و، خەباتی نێوخۆ و دەرەوە لێکگرێبدەن و، تێبکۆشن بۆ رێکخستنی بزووتنەوەی جەماوەریی لەشار و مەڵبەندەکان، لەژێر ئالا و درۆشمی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستاندا.

**لە باشووری کوردستان**، بەهۆی پێڕەوکردنی بیری عێراقچێتیی لەلایەن سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دیاردەی گەندەڵیی لەنێو داوودەزگە سیاسی و ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی رابوردوودا و، بەهۆی ملنەدانی لایەنەکانی عەرەبی دەسەلاتدار بەو مافە نیوەچڵەی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا هەیەتی، سەرلەنوێ بیروباوەڕی نەتەوەیی و هۆشیاری نەتەوەیی و رەخنە و گازندەی ئاشکرا لە بەڕێوەبەرێتیی دەزگەکانی حکوومەتی هەرێم، لەو بەشەی نیشتمانەکەمان سەریهەڵداوەتەوە. بێگومان بەمەشەوە ناوەستێ و، شەپۆلی گۆڕان و شنەبای سەربەستی و ئازادیخوازیی شار و گوند و هەموو مەڵبەندێکی باشووری وڵاتەکەمان دەگرێتەوە.

**رژێمی رەگەزپەرستی سووریا**، شەوەزەنگ و دیکتاتۆرییەکی سامناکی بەسەر گەلەکەمان لە رۆژاڤادا سەپاندووە و، بەندیخانەیەکی بە پانتایی رۆژاڤای کوردستان سازکردووە. بچووکترین داخوازیی فەرهەنگی و هەر دەنگێکی ناڕازیی، بە تیرۆرکردن و کوشتن و شکەنجە و زیندان وەرامدەداتەوە. سەرەڕای ئەم دڕندەیەتییەی رژێمی دژ بەکوردی سووریا و، سەرەڕای بەکارهێنانی سیاسەتی دڕندانەی داگیرکەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٩ دا، خەبات و بەرخۆدانی جەماوەریی، هۆشیاری نەتەوەیی و هەستی یەکبوون و، هەستی هاوچارەنووسیی لەنێوان رۆشنبیران و ئازادیخوازان و جەماوەری تینووی ئازادی لەسەرتاسەری کوردستان بەگشتیی، زیاتر پەرەی سەند.

## گەلی تێکۆشەر و خۆڕاگری کورد!

رەمزی سەرکەوتنی خەبات و قوربانیدانی سەدان ساڵەمان، بە پاراستنی یەکگرتووی و، پێڕەوکردنی بیروباوەڕی نەتەوەیی وسەربەخۆییخوازییەوە گرێدراوە. خەباتی بەرینی جەماوەری و یەکگرتوویی گەلی کورمان لە باکووری کوردستان، پێشانیدا داگیرکەرانی کوردستان لەبەرامبەر هێزوتوانای جەماوەر و یەکگرتوویی کورددا بە چۆکدادێن و، دەسەڵاتی نگریسیان هەرەسدێنێت. پێویستە، ئەم یەکگرتووییەی کە لەنێوان لایەنەکانی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی باکووری کوردستاندا هەیە، بکرێت بە رێنوێن و وانەیەکی بەنرخ بۆ ئازادیخوازان و رۆشنبیران و سیاسەتکارانی نەتەوەکەمان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، کە بتوانن بەپاراستنی یەکریزیی نێوانیان و، بەرچاوکردنی ئامانج و ستراتیژی نەتەوەییەوە، بناخەی خەباتێکی بەرینی جەماوەریی دابڕێژن.

**لە کۆتاییدا، جارێکی دیکە، ساڵی نوێی زاینیی، لە هەموو هاووڵاتیانی بەڕێزی مەسیحی، لە هاوبیران و ئەندامانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەنێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات و، لەهەموو نەتەوەی گەورە و خۆڕاگری کورد پیرۆزبایی دەکەین. بەو هیوایەی کە بە هەوڵوتێکۆشینی هەموومان، بتوانین نیشتمانەکەمان رزگار بکەین و، لە کوردستانێکی ئازاد و دیموکرات و سەربەخۆدا، پێڕەوانی هەموو ئاین و هزر و کولتووره جیاجیانی کوردستان، لە ئازادی و سەربەستیی تەواودا، بۆنە و داونەرێتی خۆیان ببەن بەڕێوە.**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**
30/12/2009

# ڕاپەرینی سەوزەکان



د. حسێن خەلیقی

۲۰۰۹/۱۲/۷

**وەک راست ورەوان، ئێستا و دواتر مێژووی ناوچەی ئێمە باسی دەکا**، دوای زاڵبوونی ئاخوندەکان بە سەرشەپۆلی ڕاپەرینی خەڵکی ئێراندا دژ بە دەسەڵاتی شا، بێجگە لە هەندێک تێکۆشینی تورکەمەن وعەرەبەکان، لەو وڵاتە کە بەداخەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی تازەوە لە گۆمی خوێندا، نۆقمکران، ئەوە تەنیا بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی بێماف و چەوساوەی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەپەلپەلکراوەکەمان(کوردستان) بوو، کە هەتا هەنووکەش لە بەرانبەر ئاخوندسالاری دینییەوە، **"گوتی ودەبێژێ نا"** و بە گژیدا چووەوە و، بە دەیان هەزار ڕۆڵەی خۆیشی لە پێناو وەدەستهێنانی ئازادی و گەیشتن بە ویست وخواستی نەتەوەبندەستەکەیدا، لە ململانێی نابەرامبەر لەگەڵ سوپای تاریکی و نەزانینی دەسەڵاتی ئاخوندی، کردە قوربانی و ئێستاش لە سەر وەرگرتنی مافەکانی سوورە. لە بەشەکانی دیکەی ئەو وڵاتە فرەنەتەوەییەدا، بە هۆی زاڵبوونی هەستی ئاینی بە سەربیروهۆشی زۆربەی خەڵکدا وهەروەها تەنگەبەرکردنی مەیدانی تێکۆشین، یان بەربەستکردنی پێکهێنانی کۆڕ وکۆمەڵ ورێکخراوی مەدەنی بۆ بردنەسەری زانیاری رامیاری و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی خەڵک و لە قاودانی دەسدرێژییەکانی ڕژیم بۆسەر مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بە ناوی دینەوە، هەتا جۆزەردانی ساڵی١٣٨٨ی هەتاوی کە بە فتوای نارەوای خامنەیی و کودەتای دەوڵەتی ئەحمەدینەژاد، دژبەویست وخواستی زۆربەی دەنگدەران بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار و دزینی دەنگەکانیان، کۆمەڵانی خەڵک ڕاپەرین، هیچکەس و کوڕوکۆمەڵێک نەیوێرا پەلەپیتکەیەک لە دامودەزگەی تەنانەت دژی دینی ودژی مرۆڤایەتییەکەی وەلی فەقێ بدا! بەڵام وەک دیتمان و بوو و چوو، ئەو هەڵوێستەی خامنەیی و وەلانانی مووسەوی و کەرووبی و، وەک هەمیشە بێبایەخکردنی دەنگ و ویستی خەڵک و زاڵکردنی بڕیاری تاکی خۆی بە سەربڕیاری خەڵکدا وەک گاڵتەکردن بە خەڵکسالاریی، بوو بە هۆی تەقینەوەی شەپۆلی پەنگخواردووی زەریای ڕق وبێزاری ٣٠ساڵ جینایەت و لە ئاکامدا، بێسڵکردن لە مەرگ، خەڵکێکی بەرچاو بە هەڵگرتنی ئاڵای سەوز، دژ بەو دەسەڵاتە نارەواو پڕلەفرییەوە، ڕاپەرین و بە دانی دەیان قوربانی و بریندار و ئەشکەنجەکراو ودەسدرێژی جنسی پێکراو، داوای دەنگ وئێرادەی بە تاڵانچووی خۆیان کرد. هەرچەند ڕژیم وەک پیشەیەتی، دەستی لە ئەنجامی هیچ چەشنە جینایەتێک نەپاراست و گشت هەواڵنیرو دەنگ و ڕەنگ و ڕۆژنامەیەکی پاوانکرد و نەیهێشت ناڵەی ستەملێکراویی ئەو خەڵکە ڕاپەریوە بە گوێی دانیشتوانی جیهان بگا، سەرەڕای ئەوەش وەک دیتمان، بە سەدان دیمەنی ئەو پەلامارو دڕندەییە بۆ



سەرخەڵک، بە هۆی کارلێهاتوویی تێکنیکی سەردەمەوە، گەیشتە سەررووپەلی تولویزیون ورۆژنامەکان وئانتینی رادیوەکان ومالپەرەکانی ئینتێرنیتی جیهان. لە درێژەکێشانی ئەم رەوتەدا، گرتن ودادگاییکردنی هەندێک لە راپەریوان وهەروەها ریسوایی دامودەزگە بە ناو ئیسلامی وخوداییەکەی وەلی فەقێ، کەوتە بەرشەپۆلی رەخنەوگازندەی توندی کوروکۆمەڵی داشداری مافی مرۆڤ و وڵاتان وئێرانییەکانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات. لەو پێوەندییەدا، رێکخراوەکوردی و ئێرانییەکان، هەڵوێستی جۆراوجۆریان نواند و هەندێک لە رێکخراوە کوردییەکان، بە چاوی هیواوە سەیری رووداوەکانیان کرد و هەندێکیش لە راگەینەرەگشتییەکانی خۆیانەوە، بەراست کەوتنە پروپاگەندە، دژی موسەوی وکەرووبی و رایانگەیاند، ئەمانە لە پێشدا هاوبەشی دەسدرێژییەکانی رژیم سەبارەت بە هەمی خەڵکی ئێران و بە تایبەت خەڵکی کوردستانن، کەوا بوو ئەم رەوتە هیچکام لە مافەکانی نەتەوەکەمان لەو وڵاتە، دابین ناکا و ئەگەر مووسەویش ببێتە سەرکۆمار، ئەم رەوتە وەک پووشی ئاوری نەورۆز، دادەمرکێ.

**بابزانین ئەم بۆچوونە وئەم رەوتە، چلۆن پێوانە دەکرێن، یان راست و ناراستیان کامەیە؟ ئەوە کە وەک هۆی رواڵەتی، دزینی دەنگەکانی خەڵک بە هۆی دامودەزگەی ویلایەت فەقێیەوە، بوو بە هۆی ئەم تەقینەوە، کەس حاشای لێناکا. بەڵام نابێ ئەوە لەبیربەرین کە کەڵکەکردنی خڵتەی ستەم وبێمافی ودەسدرێژی ئاشکرای دەسەڵات بۆ سەرخەڵک و ئەشکەنجە و بەندکردن ولە سێدارەدان و راونان وتێرۆر وتاڵانکردنی سامانی خەڵکی بیرجیاواز، بە ناوی فەرمانی خودا وشەڕکەر لەگەڵ خودا واتا ئاخوندەکان،**

**"ئەگەر ئێمە بە پلاتفورمی نەتەوەیی خۆمانەوە، نەچینەمەیدانی تێکۆشان، نە لە گۆڕانکارییەکانی دوارۆژدا، دەبینە فاکتۆرێکی بەرچاو و کاریگەر، نە دەشتوانین لە داهاتوودا، بە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمان بگەین. نابێ ئەوە لە بیربکەین کە ئێمە نەتەوەیەکی بندەستین وخاک و مافمان داگیرو پێشێلکراوە و دەبێ، تێبکۆشین وەک ئەو نەتەوانەی دەوروبەرمان، کە خۆیان خاوەن ئاووخاک و چارەنووسی خۆیانن، ببینەخاوەن خاک و مافەرەواکانی خۆمان وخۆمان، نەکەس و دەسەڵاتێکی دیکە، چارەنووسی خۆمان لە سەرئەوخاکە، دیاری بکەین".**

هانی ئەوخەڵکە وەزاڵەهاتووەیاندا و ئەم کڵاو لە سەرنانە ئاشکرایەیان کردە بیانوو و هاتنەمەیدان. هۆی ئەم بۆچوونەش رادیکاڵبوونی درۆشمەکانە لە رەوتی خۆپیشاندانەکاندا. کەوابوو ئەم تەقینەوە، وەک چەخماخەیەک بوو، کە لە تاریکستانی ستەمی خۆبەجێگرکەرەکانی ئیمامی زەمان، یان پێشەوای کات و خودا، سەریهەڵدا و بوو بە چرای رووناکی ئەویندارانی ئازادی و، خەڵکێکی زۆری لە ژێرپەردەی فرتوفێڵ وریای ئاخوندەکان وشەریعەتسازانی کونەپارێز و پووچپەرست دەرهێنا. وایلێکردن، ئەوان لە جیاتی کەڵکوەرگرتن لە هەستی دینی وملکەچی کوێرکوێرانە و پشتکردن لە هزروهۆشی زانستیی، بەخشکە رووبانکرد لە سەرچاوەی زانست وزانیاریی، واتا عەقڵ وهۆش وتێگەیشتن کە لەم ماوەدا، بە ناوی دین وخودا وئیمام و وەلی فەقێ ودامودەزگەکانی دینییەوە، کە بۆ دیندار نەپیویستن، چ کڵاوێکیان لە سەرناون! ئەم دیاردە، خۆی لە خۆیدا، رووداوێکی دانسقە ومێژووییە وخەریکە بەرەو ئەوئاقارە بڕوا کە ئەو چاوبەسراوانەی دوێنێ، لەمەو بەدوا، ئاورێک لە ژیانی سەردەمی خەڵکان و وڵاتانی پێشکەوتوو بدەنەوە وداخوازەکانیان بە پێی گیانی ئەم سەردەمە بخەنەبەرباس. ئەمە بەگشتی بە قازانجی بواری هۆشیاری گشت خەڵک بوو. بەڵام بابزانین خواستی سەوزەکان، ئەگەر پێبگەن، تاکوێ داخوازەبنەرەتییەکان، بردەکا؟. دیارە ئەگەر ئەم خواستە ئەوە بێ کە موسەوی لە جێگەی ئەحمەدینەژاد، دانیشێ و ئاخوندێکی دیکە لە سەرتەختی خامنەیی رۆنیشی، هیچ یارمەتییەک بە چاکسازی ودابینکردنی مافەپێشیلکراوەکانی هیچکەس بێجگە ئەوانە، ناکا. بەم جۆرە **بابزانین تەنانەت ئەگەر هەندێک چاکسازیی رواڵەتیی داخوازی سەوزەکانیش ئەنجامبدرێ، لەگەڵ داخوازییە مرۆڤی و نەتەوەییەکانی کورد لەو وڵاتە یەکدەگرێتەوە؟** بە روونی لە سەرئەو بڕوایەم ئەم رەوتە، هەندێک رچە بۆ دەمەتەقێ و باسوخواس لە سەر ئەومافانە دەشکێنێ. ئەویش لە بەشەگشتییەکەیدا کە تیشکدانەوەی هۆشیاری لەوتاریکستانەدایە. بەڵام لە بەشەتایبەتییەکەیدا، ئەو راپەڕینە گرفتی زمانبڕوای وتاڵانی سامانی فەرهەنگی وبێ پێناسەیی وهەژاری بواری ئابووری وزانیاری دەسکردی دەسەڵات وهاووڵاتی بوونی پلەدووەمی وەک نەتەوەی ئێمە، چارەسەرناکا. کەوابوو ئێمە لە بەشەگشتییەکەیدا کە زەمینەیە بۆ گۆڕاگرتن لە دەردەکانمان، بەشدارین، بەڵام بۆ بەشیتری، ئێمە داخوازی تایبەتییمان هەیە کە ئەوان دەیانساڵە، پێگەیشتوون. هەربۆیە ئەگەر ئێمە بە پلاتفورمی نەتەوەیی خۆمانەوە، نەچینەمەیدانی تێکۆشان، نە لە گۆڕانکارییەکانی دوارۆژدا، دەبینە فاکتۆرێکی بەرچاو و کاریگەر، نە دەشتوانین لە داهاتوودا، بە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمان بگەین. نابێ ئەوە لە بیربکەین کە ئێمە نەتەوەیەکی بندەستین وخاک و مافمان داگیرو پێشێلکراوە و دەبێ، تێبکۆشین وەک ئەو نەتەوانەی دەوروبەرمان، کە خۆیان خاوەن ئاووخاک و چارەنووسی خۆیانن، ببینەخاوەن خاک و مافەرەواکانی خۆمان وخۆمان، نەکەس و دەسەڵاتێکی دیکە، چارەنووسی خۆمان لە سەرئەوخاکە، دیاری بکەین.

# وتووێژ لەگەڵ دوکتۆر موعتەسەم تاتایی، ئابووریناس و مامۆستا لە زانستگەی لەندەن لە بریتانیا



**سازدانی: سیروان کاوسی**

**(پ١): - سەرەتا، لەم پرسیارەوە دەستپێبکەین، مانای وشەی "ئابووری"، چییە و ئەم وشەیە لەڕووی زانستییەوە چۆن شیدەکرێتەوە؟**

**و:** وشەی ئابووری، وشەیەکە بەکاردەهێنرێت بۆ یەکێک لە بوارەکانی زانستی کۆمەڵایەتیی، کە هەوڵدەدات چۆنێتیی هەوڵدانی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی ڕێگەکانی وەرامدانەوە بە نیازەکانی. هەروەها ئەو ڕێگانەی وا مرۆڤ دەیدۆزێتەوە بۆ ئەوەی نیازەکانی خۆی لە پێوەندیی لەگەڵ یەکدیدا وەرام بداتەوە، بیانخوێنێتەوە و، شرۆڤە و لێکدانەوەیان لەسەر بکات. دیارە بەو ڕادەیەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی پێشکەوتووە، پێوەندییەکانی مرۆڤیش لە ڕەوتی خۆیدا ئاڵۆزتر بووە. پێشکەوتنی ئابووریی، جۆرێک لە ئاڵۆزیی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین تێگەیشتن لەم زانستە بە ڕادەیەکی زۆر دژوارە و، پێویستی بە زانستی تایبەتی خۆی هەیە. بەکورتی، زانستی ئابووریی، لەلایەکەوە زانستی مرۆڤ بووە بۆ وەرامدانەوە بە نیازەکانی، لەلایەکی دیکەشەوە، پێوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ لەگەڵ یەکتریدا دەستنیشان دەکات بۆ وەرامدانەوە بۆ نیازەکانی.

**(پ٢)- "زانستی ئابووریی" (علم اقتصاد) چییە و مێژووی ئەم بابەتە لەڕووی زانستییەوە بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ تکایە لەو بارەیەوە بۆمان بدوێن.**

**و:** زانستی ئابووریی، وەک مێژوو دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن. زاناکانی یۆنان لەم بابەتە دواون و هەوڵیانداوە ئەم بابەتە زۆرتر و زۆرتر بناسن. بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی یۆنان لە کۆندا نەیتوانی زۆر پێشبکەوێت، نەیتوانی ئاستی زانست و تێگەیشتنی لە زانستی ئابووریی پێشبخات.

زانستی ئابووریی، ئەودەم گەشە دەکات، کە ئابووریی مۆدێرن دەست بە گەشە دەکات. هاوکات لەگەڵ پەیدابوونی **مەکینەی هەڵم** و، هاوکات لەگەڵ پەیدابوونی سیستەمی ئابووریی سەرمایەداریی، ئەم بوارە گەشەی تایبەتی دەکا و، پسپۆڕ و زانایانی تایبەت بەخۆی پەیدا دەکات. **باوکی ئابووریی مۆدێرن (ئادام سمیت)**، یەکەمین نووسینی زۆر گرنگی خۆی لەساڵی ١٧٦٧ دا بڵاوکردەوە بەنێوی **"دارایی نەتەوەیی لە کوێوە دێت؟"**. لەم پەرتۆکەدا ئادام سمیت، تیشک دەخاتە سەر گرنگیی ئابووری پێشکەوتوو، هاوکات جیاوازییەکانی لەگەڵ شێوەئابوورییەکانی پێشخۆی بە جوانی دەخاتەڕوو. ئادام سمیت، بەڕۆشنی دوو لایەنی پێش خۆی دەداتە بەر ڕەخنە، **یەکەمیان: "میرچانتالیستەکانە، دووەمیان: "فیزیۆکراتەکانە".**

**میرچانتالیستەکان** لەو باوەڕەدا بوون، دارایی هەر وڵاتێک بەوەوە گرێدراوە کە ئەو وڵاتە چەندە زێڕ دەتوانێت پاشەکەوت بکات. پێیانوابوو، هەر وڵاتێک زێڕی زۆری هەبێت، ئەوا لە چاو وڵاتانی دیکەدا، دەتوانێت لەڕووی ئابوورییەوە باڵادەست بێت. لەبەر ئەوە دەبێ وڵاتانی دنیا هەوڵبدەن ئابووریی خۆیان بەهێز بکەن و، لەڕێگەی پشتگیریکردن لە بەرهەمهێنانی نێوخۆیی و، فرۆشتنی بەرهەمەکان، بتوانرێت زێڕێکی زۆرتر بەدەست بهێنرێت. لەم پێوەندەدا، دەوڵەت دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە لە پێشخستنی ئابووریی وڵات بگێڕێ و، پشگیریی لە پەرەپێدانی بەرهەمهێنانی نێوخۆیی بکات.

بەڵام **فیزیۆکراتەکان** کە زۆربەیان خەڵکی فەرەنسا بوون، باوەڕیان وابوو، سەرچاوەی دارایی هەروڵاتێک، لەڕێگەی پێشخستنی کشتوکاڵییەوە دەبێت. پەرەپێدان بە کشتوکاڵیی

مۆدێرن، ڕێ لەبەردەم گەشەی ئابووریدا دەکاتەوە و، دەبێ دەوڵەت، تێبکۆشێت بۆ پەرەپێدان و بەهێزکردنی کەرتی کشوکاڵیی وڵات.

ئادام سمیت، هەردووی ئەم بۆچوونانەی سەرەوەی بە چەوت وناڕاست دایە قەڵەم و، پەنجەی خستەسەر ئەوەی کە **لەڕێگەی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە، "تمرکز سرمایە" (چەقبەستنی سەرمایە)** پێکبهێنرێ. لەوەوە دابەشکردنی بەرهەمهێنان لە بواری جۆراوجۆردا زۆرتر دەبێ و، لە ئاکامدا ڕێ خۆشدەکرێ لەبەردەم بەرهەمهێنانی زیاتر. ئەوجا بە لابردنی کۆسپی وەکو گومرک، بازرگانی و دانووستانی ئابووریی لەنێوان وڵاتاندا، گەشەی ئابوری پەیدادەبێ. لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت ئاستی ئابووریی وڵات پێشبخرێت. ئادام سمیت، لەدرێژەی بۆچوونەکەیدا، دەڵێ، دەوڵەت نابێت دەستوەرداتە کاروباری ئابووری وڵاتەوە، بەپێچەوانەوە، دەبێ هەموو ئاسانکارییەک بکات بۆ پشتیوانیکردن لە **کەرتی تایبەت (خصوصی)**، چونکە لە گەشەی کەرتی تایبەتدا، ئابووریی هەموو وڵات گەشە دەکات.

ئەگەر بمانەوێ، سەبارەت بە مێژووی ئابووریی مۆدێرن بدوێین، ئەمەی لەسەرە ئاماژەمان کردپێی، مێژووی ئابووریی مۆدێرنە. ئەگەر بمانەوێ بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئابووری بەگشتیی، دەبێ باس لە سیستەمەکانی پێش گەشەی سەرمایەداری بکەین، وەکو **کۆیلایەتی و فیوداڵی**، کە لام وایە ئەمە دەتوانێت خۆی بەجیا باسێکی دوور و درێژ بێت. پێموایە لێدوان سەبارەت بە ئابووریی مۆدێرن، پێوەندیی بەم باسەی ئێمەوەیە.

**(پ٣)- مۆدێلی کلاسیکی ئابووریی لەچ قۆناخ و سەردەمێکدا لە جیهان کۆتایی هات! هۆکارەکانی لەنێوچوونی ئابووریی کلاسیک و، هاتنەکایەی ئابووریی نوێ چی بوون؟**

**و: مۆدێلی کلاسیکی ئابووریی**، لەقۆناخی دەستپێکردنی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە دەستپێدەکات. مۆدێلی کلاسیکی ئابووریی، لەسەر چەند بنەمای تایبەت سوارە:

١- **خاڵی یەکەم ئەوەیە**، مافی تاکەکەس بپارێزرێت. لێرەدا مەکتەبێکی تایبەت دێتە ئاراوە کە ناوی " Pro Perty Right" ە و، بەمانای مافی هەبوونی ماڵ، زەوی یان هەر شتێکی دیکە. ئەم مافە نەتەنیا بۆ ئەوەیە کە تۆ دەتوانی خاوەنی شتی خۆت بیت، بەڵکو ئەو مافەش دادەت بە تۆ، ئەو شتەی وا هەتە، بتوانی بیفرۆشی، یان ئالوگۆری پێبکەیت، یان هەر جۆرێک پێتخۆشبوو، دەستێتێوەردەیت. ڕەچاوکردنی ئەم مافە، ئاڵوگۆڕێکی تایبەت و زۆر گرنگی لەژیانی مرۆڤدا تاکو ئەمڕۆ دروستکردووە و، لە ئاکامدا مافی دەوڵەتی بەرتەسک کردووە. پێڕەوکردنی ئەم مافە، دوو ئەرک دەخاتە بەردەم دەوڵەت، یەکەم: **"دەوڵەت ناتوانێت دەستدرێژیی بۆ سەر ئەم مافە بکات"**. دووەم: **"دەوڵەت دەبێ پاسەوانی پارێزگاری لەم مافە بێت".**

٢- **بنەمای دووەم**، ئەوەیە، دەوڵەت نابێت خۆی لەبواری ئابووریدا هەڵقورتێنێت.هەر جۆرە دەستێوەردانێکی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی گۆڕەپانی مافەکانی تاکەکەس. لەبەر ئەوە نابێ دەوڵەت ئەم گۆڕەپانە بەرتەسک بکاتەوە.

٣- **بنەمای سێیەم** ئەوەیە، ڕێگە بۆ ناوەندارێتیی (متمرکز) کردنی سەرمایە خۆشبکرێت. لەڕاستیدا، ئەم بنەمایە تیشک دەخاتە سەر ئەوە کە بەبێ ناوەندارێتیی ئابووریی، گەشەی ئابووری پێکنایەت.

٤- **بنەمای چوارەم**، درێژەدانی هەرچی زیاتری دابەشکردنی کار ڕەچاو دەکات. یەکێک لە جیاوازییە هەرە گرنگەکانی شێوەئابووریی سەرمارەداریی نوێ، لەگەڵ شێوەئابوورییەکانی پێشخۆی، ئەوەیە کە لەم شێوەئابوورییەدا، دابەشکردنی کار لە بواری بەرهەمهێناندا زۆر گەشە دەکات. کاتێک بەرهەرمهێنان لەئاستێکی گەورەدا دەستپێدەکات، هەر کەسێک تەنیا لەبواری خۆیدا دەبێتە بەرپرس و پسپۆڕ، کە ئەمە لەبواری بەرهەمهێناندا دەورێکی گەورە دەگێڕێت. ئەمەش هۆیەک بوو بۆ ئەوە کە بەرهەمی زۆر بە چۆنێتیی باشترەوە بێتە بازاڕەکانەوە. واتە بەبێ دابەشکردنی کار ئەمە نەدەهاتەدی.

٥- **بنەمای پێنجەم!** بەپێی بنەمای پێنجەم، دەبێ هەموو کۆسپەکان لەسەر ڕێگەی ساتوسەودای ئابووریی لەنێوان وڵاتاندا لابچێت، چونکە لابردنی ئەو کۆسپانە کاریگەریی گەورەی بۆ سەر گەشەی ئابووری دەبێت.

ئەم خاڵانەی لەسەرەوە ئاماژەمان کردپێی، مۆدێل (مۆدێلەکان)ی کلاسیکی ئابوورین و، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی **ئادام سمیت** کە لە پەرتۆکەکەی خۆیدا لەساڵی ١٧٦٧ بڵاویکردەوە. مۆدێلی کلاسیک، تاکو ساڵی ١٨٥٠ درێژەی کێشا. لەو ساڵە بەدواوە، مۆدێلی کلاسیک، جێگەی خۆیدا بە مۆدێلی کلاسیکی نوێ. هۆی پەیدابوونی ئەم مۆدێلە نوێیەش ئەوە بوو کە ئاڵوگۆڕی ئابووریی گەورە لە ئاستی جیهان ڕوویاندا، ئەوەش پێویستی بە داڕشتنی مۆدێلێکی نوێی ئابووری دەکرد و، **دەبوو لەم**

مەیداندا جێگەی گەورەترین یاریکەری بواری ئابووریی، واتەدەوڵەت ڕۆشنتر بکرابایە.

**(پ٤)- تکایە لەبارەی قوتابخانە، یان مۆدێلەکانی ئابوورییەوە باسمان بۆ بکەن، ئەو مۆدێلە ئابوورییانەی ئەمڕۆکە لەئاستی دنیادا هەن و بەڕێوەدەچن، کامانەن؟**

**و: قوتابخانە ئابوورییەکان زۆرن و لەوانەیە بوار نەبێ لەم دیمانەیەدا هەمووی باسبکەین، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدەم سەبارەت بە گرنگترین قوتابخانە ئابوورییەکان بدوێم کە بریتین لە:**

١- **قوتابخانەی ئابووریی کلاسیکە** کە پێشتر لەسەری دواین.

٢- **قوتابخانەی ئابووریی کلاسیکی نوێیە** کە ڕوانگە و بۆچوونە ئابوورییەکانی قوتابخانەی ئابووریی کلاسیکیان بەتەواوەتیی قەبوڵە و، هەوڵیداوە لەو بوارانەی وا پێویستن پەرە و گەشەی زیاتر بەو قۆناخە بدات. بەکورتی، هەوڵی ئەم قوتابخانەیە ئەوە بووە، لەلایەکەوە بۆچوونی ماتماتیکانە لە شیکردنەوەی بەکارهێنانی فورموڵی ماتماتیک بۆ بوارە جۆراوجۆرەکانی ئابووریی بدۆزێتەوە، لەلایەکی دیکەوە، دەستێوەردانی دەوڵەتی لە کاروباری ئابووریدا، بە کارێکی پێویست زانیوە، بۆ ئەوەی ئەگەر ناتەواوی و کەموکورتییەک هەبێت، دەوڵەت بتوانێت لەنێویان بەرێت. **بیروبۆچوونی ئەم قوتابخانەیە، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ و، بۆ ماوەی ٩٠ ساڵ و تاکو ئێستا، بۆچوونی سەرەکیی بووە لە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی ئابووریی لە زانستگەکانی دنیادا.**

٣- **قوتابخانەی** Austrian School of Economics **قوتابخانەیەکە بەناوی ئابووریناسانی ئۆتریش (نەمسا)** ییەوە. ئەم قوتابخانەیە، کە لە ساڵانی کۆتایی چەرخی ١٩ پەیدابوو. لەو باوەڕەدابوون کە هەموو هەڵسوکەوتێک لەبواری ئابووریدا، دەبێ ئەوە بهێنێتەدی کە ڕێگە بۆ هەوڵەکانی تاکەکەس خۆشبکات. دەوڵەت دەبی تەنیا و تەنیا ئەمە لەبەرچاوبگرێ. ئەوەی لەبازاڕدا دەقەومێت، تایبەتمەندی و پێویستییەکانی بازاڕە. هەر ناڕێکوپێکییەک لەبازاڕدا پێکدێت، هۆکاری خۆی هەیە و، ناڕێکوپێکی بازاڕ ڕێخۆشدەکات بۆ هەوڵدانی زیاتر و ، لەئاکامدا گەشە و گۆڕانکاریی تازە بەدوای خۆیدا دێنێت. دەوڵەت دەبێ لەبواری ئابووریدا کەمترین دەوربگێڕێ، چۆنکە بازاڕ خۆی لەخۆیدا میکانیزمی تایبەت بەخۆی هەیە و، دەتوانی ناڕێکوپێکی و ئاستەنگەکان بسڕێتەوە.

٤- **قوتابخانەی "کینزەنیسم"**، کە بەناوی ئابووریناسی گەورەی بریتانیا **(جان مایناردکینز)** ەوە نێو نراوە. بۆ ناسینی تەواوی ئەم قوتابخانەیە، دەبێ لەسەر ئەو دۆخە ئابوورییە بدوێین، کە لە ساڵانی نێوان ١٩٤٠-١٩٣٠ لە ئاستی جیهان ڕوویداندا. لە کۆتایی ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابوردوودا، ئابووریی ئەمریکا تووشی قەیرانێکی قووڵی دارایی و ئابووری هات. داهاتی گشتی ساڵانەی دابەزی بۆ ٢٥% و، ڕێژەی بێکاری گەیشتە ٢٢%. ئەم قەیرانی داراییە، وڵاتانی دیکەی گەورەی پیشەسازیی وەکو ئەڵمانیا و بریتانیا و فەرەنسا و، تێکرای وڵاتانی ڕۆژئاواشی گرتەوە. لەماوەی دەساڵدا، پتر لە ١٧٠٠ بانک لە ئەمریکا وەرشکست بوون. بەپێی ئەو باوەڕانەی وا لە بواری ئابووریدا هەبوون و، لەسەرەوەتر باسمان لێکردن، نەدەبوو دەوڵەت خۆی لە کاروباری بازاڕدا وەربدا، چۆنکە لەو باوەڕەدا بوون بازاڕ خۆی بەو ڕادەیە لەتوانایدا هەیە کە بتوانێت کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات. بەڵام ئەو قەیرانەی کە لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ڕوویدا و، بازاڕ نەیتوانی کێشەکەی بەخێرایی چارەسەربکات. ئەوە بوو، جەنگی گەورەی جیهانیی دووەمی لێخولقا و، تێکرای سیستەمە ئابوورییەکان تووشی مەترسیی هەڵوەشان و لێکترازان بوونەوە. لەم کاتەدا، **کینز - ئابووریناسی بریتانیا**، ئەم پرسیارەی هێنایەگۆڕێ: **"ئایە بازاڕ بەتەنیا دەتوانێ کێشەئابوورییەکان چارەسەربکات؟"** وەرامی وی بۆ ئەم پرسیارە ئەوەبوو، بازاڕ بەتەنیا توانای چارەسەریی ئەم ئەرکەی نییە و، پێویستە دەوڵەت بوارەکانی سازکردنی ڕێگەوبان، قوتابخانە و نێوەندەکانی پەروەردە و خزمەتگوزاریی، نەخەشخانەکان، گۆڕەپان و نێوەندی وەرزشی و ...هتد دا پووڵ خەرج بکا و، هەوڵبدا لەو ڕێگەوە لە بەرامبەر قەیرانی ئابووریدا بوەستێت. کینز هەروەها لەدرێژەی بۆچوونەکەیدا، باوەڕی وابوو، ئەگەر **کلاسیکەکان و نیوکلاسیکەکان** دەڵێن: **"نرخی شتومەک و نرخی هێزی کار شتێکی وایە کە دەتوانێ بەئاسانی بچێتە سەر و بە ئاسانی بێتە خوارەوە"**، ئەمە وانییە. وانییە کە کرێکارێک قەبوڵی بکات کە حەقدەسەکەی بێتە خوارەوە و، ڕێگەبدات بەو ڕادەیە نرخی شتومەک بێتەخوارەوە. لەم ڕێگەوە ئەو شتومەکەی وا تا دوێنێ گران بوو، کەس نەبوو بیکرێ، ئەم جارەیان چۆنکە نرخەکە هاتووەتە خوارەوە، مشتەری پەیدادەبێت کە بیانکرێت.

باوەڕی کینز لەسەر ئەوە بوو، نرخ، هەروەها مزی کار بەئاسانی سەروخوار ناکات. دەوڵەت دەبێ دەستوەرداتە

بواری ئابوورییەوە و، بازاڕ بەبێ یارمەتیی دەوڵەت، ناتوانێت کێشەکانی خۆی چارەسەربکات. بۆچوونێکی دیکەی کینز ئەوە بوو، هەرجۆرە خستنەگەڕی سەرمایە لەلایەن دەوڵەتەوە، ئەگەر پاشەکەوت نەکرێ و، وەک قەرزی کورتماوە، یان درێژماوە بدرێت بە کەسانێک وا پرۆژەی ئابوورییان بەدەستەوەیە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت بۆ چوونەسەری ئاستی داهات و یارمەتیی دەوڵەت دەدات بووجەی دەوڵەت و، یارمەتیدەدات بتوانێت ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەی لەسەرەوە ئاماژەمان کردپێیان، بەئەنجام بگەیەنێت. ئەم پرۆژەتازە ئابوورییە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو کەسەی مووچە و پووڵێکی دیاریکراوی مانگانەی هەیە، بتوانێت تلویزیۆنی تازە و کەمپیۆتێری تازە و پێداویستییەکانی تازەی دیکە بکڕێ. ئەمە خۆیلەخۆیدا لە بوارەکانی دیکەشدا کاری تازە دەخولقێنێت. لەکۆتایی ئەم پرۆسەیەدا دەبینین، بەرهەمەکان چەندین بەرامبەر زیادی کردووە و، بەمەش دەڵێن Aultipier.

**بۆچوونەکانی کینز، لەدوای ساڵی ١٩٤٥ وەوە، بوون بە سیاسەتی ئابووریی زۆرینەی وڵاتانی جیهان. بۆ ماوەی سیساڵ (١٩٧٥ – ١٩٤٥)، وڵاتانی ئەڵمانیا و ژاپۆن و وڵاتانی سکاندیناڤیا سوودیان لەم پرۆژە ئابوورییەی کینز بینی و، توانییان پێش لەچوونەسەری نرخ بگرن.**

**قوتابخانەی پێتجەم، قوتابخانەیەکە بەناوی** (Monetarizm)، یان (Monetarists). ئەم قوتابخانەیە، ئەوکات گەشەی کرد کە نرخی نەوت لەساڵی ١٩٧٣ بەرادەیەکی زۆر چووە سەرێ. بەهۆی ئەم ڕووداوەوە، دوو **پێوانەی** زۆر گرنگی ئابووری کە تاکو ئەوکات، ئەگەر یەکیان دەچووەسەر، ئەوی دیکەیان دەهاتەخوار، لەوەبەدواوە، هاوکات هەردووکیان چوونە سەرەوە. **ئەم دوو پێوانەیە، یەکیان نرخی شتومەک بوو، ئەوەی دیکەیان ڕێژەی بێکاری بوو.** چوونەسەرەوەی ئەم دوو دیاردەیە پێکەوە، بوو بەهۆی ئەوەی کە ئیدی بۆچوونەکانی کینز لەبەرامبەر بۆچوونەکانی **"مۆنیتوریستەکان" (لایەنگرانی فریدمەن – ئابووریناسی گەورەی ئەمریکا)**، نەتوانێت خۆی ڕابگرێت. سەرلەنوێ بۆچوونی زاڵی ئابووریی لە زانستگەکانی وڵاتانی ڕۆژاوای، گەڕانەوە بوو بۆ بنەمائابوورییەکانی کلاسیک و نیوکلاسیکەکان، بەڵام ئەوجارەیان بەشێوازێکی تازەوە. **فریدمەن** لە پەرتۆکەکەی خۆیدا کە لەساڵی ١٩٦٣ سەبارەت بە **"پێگەی پووڵ و نرخی کەلوپەل"** بڵاویکردەوە، دیسان پێیداگرت لەسەر بۆچوونێکی کۆن کە ناوی " Quantitative Theory of money" **(هەڵسەنگاندنی پووڵ لەڕووی ئەندازەی هەبوونی)** بوو. ئەم تیۆرییە باس لەوە دەکات، نرخی شتومەک پێوەندیی هەیە بە ڕادەی پووڵێکەوە کە لە بازاڕدا هەیە. ئەگەر ڕادەی پووڵ لە بازاڕدا زۆربێت، ئەوا نرخ گرانترە. جا لەم ڕوانگەوە، هەر جۆرە هەوڵێکی دەوڵەت، بۆ خەرجکردنی زیاتری پارە بەمەبەستی کاری تازە بیکات، لەکۆتاییدا ئاکامەکەی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری و بەرزبوونەوەی نرخ و، زەرەری گەورەی ئابووریی بۆ ئەو وڵاتە بەدواوە دەبێت. واباشە، دەوڵەت لەباتی ئەوەی پووڵ خەرج بکات، هەوڵبدات لەرێگەی دیکەوە، وەکو پەروەردەی باشتری خەڵک، یان ئاسانکاریی بۆ ئەوەی هەر کەسێک پێیخۆشبوو، بەهەر ئەندازە هێزی کاری خۆی بفرۆشێت، ئازادبێت. دەوڵەت ئاسانکاریی بکات بۆ ئەو کۆمپانیا و شەریکانەی وا پێویستیان بە یارمەتیی دارایی هەیە، ئەم سیاسەتە پێیدەگوترێ: " Supply Side Policies"، **(سیاسەتی پشتگیریی لە فرۆشیار)**. هەوڵدان لەم بوارانەدا دەبێتە هۆی ئاسانکاری بۆ شەریکەکان و کۆمپانیاکان و، کاری تازە پەیدادەبێت. هەروەها نرخی کەلوپەلیش لەجێگەی خۆی دەمێنێتەوە، چونکە پووڵی زیاتر نەهاتووەتە نێو بازارەوە. ئەم قوتابخانەیە، گرنگترین دیاردە لە ئابووریدا، بە چوونەسەری نرخ دەزانێت و، دەڵێت: **"هەموو هەوڵێک بخرێتەگەڕ، بۆ ئەوەی چوونەسەری نرخ بەرادەیەکی زۆر کەم بکرێ، ئەگەر ئەوە نەکرێت، ئەوا زەرەری زۆر بەهەموو لایەنەکانی ئابووریی دەگەیەنێت".** ئەمە ڕاست پێچەوانەی بۆچوونەکانی **"کینز"** ە، کە پێیوابوو، بێکاری لەهەموو شت گرنگترە و، دەبێ هەموو هەوڵێک بدرێت بۆ کەمکردنی ڕێژەی بێکاریی.

بۆچوونی مۆنیتوریستەکان کە گەڕانەوەیەکی تازە بوو بۆ کلاسیکەکان، دیسان ئەم بیرەی هێنایەکایە، کە بازاڕ لەتوانایدایە خۆی کێشەکانی خۆی چارەسەربکا و، پێویستی بە دەستێوەردانی دەوڵەت نییە. ئەم بیروبۆچوونە، بەبیروبۆچوونی زۆرینەی پسپۆڕانی ئابووریی بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژاوا دەژمێردرێت، کە لەدوای ساڵەکانی ١٩٧٣ تاکو ساڵی ٢٠٠٧ و، سەرهەڵدانی قەیرانی نوێی ئابووری جیهانیی درێژەی کێشا.

**(پە)- تاکاتی ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیێت، باس لە ئابووریی سۆسیالیستیی دەکرا، هۆی سەرنەکەوتنی ئەم مۆدێلە لە وڵاتانی سۆسیالیستی و بلۆکی ڕۆژهەڵات بەگشتیی، بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

**و:** لەپرسیاری چوارەمدا، بەئەنقەست باسم لە قوتابخانەیەکی گرنگی دیکە نەکرد کە ناوی **قوتابخانەی مارکسیزم لەبواری ئابووری** دایە، چونکە ویستم لەسەر ئەم قوتابخانەیە زۆرتر باسبکەم. ئەم قوتابخانەیە دەڵێ: "**شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی، هەروەک دوو شێوازەکەی پێشخۆی کۆیلایەتی و فیۆدالی. لەسەر بناخەی چەوساندنەوە وەستاوە و، هەرچییەک لەو کۆمەڵگەیانەدا دێنەبەرهەم بەدەستی کرێکار و زەحمەتکێش ئەنجامدەدرێن. بەڵام خۆیان خاوەنی ئەو ماشێن و دەزگە و ئامێروکەلوپەلانە نین کە کاری پێدەکەن و پێداویستیی ژیانی کۆمەڵگەی پێدابین دەکەن. داهات و سوودی کارگەکان بەشی هەرەزۆری دەچێتە گیرفانی خاوەنسەرمایەوە و، بەشێکی کەمیشی دەدرێ بە کرێکار، بۆ ئەوەی بتوانێت بۆ سبەی بگەڕێتەوە بۆ سەر کارەکەی. ئەم ململانێیە تادێ لەنێوان ئەم دوو چینەدا قووڵتردەبێتەوە و وایلێدێت سیستەمەکە خۆی، بەر بە گەشەی زیاتر دەگرێت، چونکە ئەم سیستەمی بەرهەمهێنانە ناتوانێت لەوەزیاتر لەخزمەتی گەشەکردنی تەکنۆلۆژیادا بێ و، دەبێ بە کۆسپی سەر رێگەی. هۆی ئەمەش ئەوەیە، سەرمایەدارەکان تەنیا و تەنیا بیر لە داهات و سوودی زیاتر بۆخۆیان دەکەنەوە. بۆ جێبەجێکردنی ئەم ویستەشیان، پووڵێکی زۆر لە تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێناندا سەرفدەکەن. ئەوجا لەبەر ئەوەی سەرچاوەی سوودی زیاتر، کرێکارە، نەک ماشێن، تێدەکۆشن لەبواری بەرهەمهێناندا لە کرێکار کەمتر سوود وەربگرن. لە ئاکامدا بەهۆی ئەم سیاسەتە چەواشەوە، قەیرانی ئابووری لەم سیستەمانەدا رووددا. رێگەچارەش ئەوەیە، ئەم سیستەمانە، جێگەی خۆیان بدەن بە سیستەمی ئابووریی – سۆسیالیستی.**"

سیستەمی ئابووری – سۆسیالیستی لەسەر ئەوە پێدادەگرێ کە ململانێ لەنێوبچێ، بۆ ئەمەش پێویستە هەموو سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان لەکۆنترۆڵی دەوڵەتدا بن. نابێ هێزی کار، کڕین و فرۆشتنی پێبکرێت. لە قۆناخی یەکەمدا، داوا لە خەڵک دەکرێ، هەرکەسێک لەهەر بوارێکدا پسپۆڕی و شارەزای هەیە پێشکێشی کۆمەڵگەکەی بکات. کۆمەڵگەش بەپێی ئاست و چەشنی کاری کەسەکان، پاداشیان بداتێ. لەقۆناخی دواتردا، کە قۆناخی ئابووریی کۆمۆنیستییە، داوا لەهەموو کەس دەکرێ، بەو رادەیەی کە دەتوانن کاربکەن، بەڵام ئەمجارەیان، کۆمەڵگە، بەهەر کەسێک، بە ئەندازەی نیازی مووچەی دادەتێ، نەک بە ئەندازەی کارێک کە پێشکێشی کۆمەڵگەی دەکات!

ئەم روانگەیە، بنەماسەرەکییەکانی چوارچێوەی ئابووری – سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی پێکدێنن، بەڵام دەبێ لێرەدا بەڕاشکاوییەوە بگوترێ کە داهێنەری ئەم قوتابخانەیە (**کارل مارکس**)، زۆر کەم لەسەر ئەوەی ئابووری سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی دەتوانێت چی بێت، نووسیویەتی. ئەوی وا لەم بوارەدا هەیە و، هەوڵیداوە ئەم شێوازە شیبکاتەوە، زۆربەی هەرەزۆری لەلایەن لایەنگرانی مارکسەوە نووسراون و، پێشکێشکراون. دەتوانین بڵێین مارکسیزم و ئەوی وا بەدەستی مارکس نووسراوە، سەلماندنی چەوتی و ناراستبوونی شێوە ئابووریی سیستەمی سەرمایەدارییە، بەڵام چۆنێتیی دامەزراندن و پەرەپێدانی ئابووریی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستیی روونەکردووەتەوە. هەر ئەم کەمایەسییە گەورەیە بوو کە لە وڵاتانی سۆڤێت و چین و رۆژهەڵاتی ئۆروپا، سەرمایەداریی دەوڵەتی دامەزرا و، نێویلێنرا شێوازی ئابووری سۆسیالیستیی.

سیستەمی سەرمایەداریی دەوڵەتیی، شێوازێکی تایبەت و جیاواز لە شێوازی سەرمایەداری نەبوو، بەڵکو هەموو ئەرکە ئابوورییەکانی بەتێکڕا خستە سەرشانی دەوڵەت. بەهۆی ئەم یەکلاییکردنە بەلای دەوڵەتدا، ئەم جارە مافی تاکەکەس بەئاسانی پێشێلکرا و، هیچ بایەخێکی پێنەدرا. هاوکات لەگەڵ ئەمە، بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە و بۆ ئەوەی، نە تاکەکەس و نە هیچ گروپ و رێکخراوێک، مافی خۆناساندنی هەبێ، گەورەترین شەوەزەنگی بەسەر ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیەدا سەپاند کە وایاندەزانی، سیستەمی تازە دەتوانێت سیستەمێکی وادامەزێنێت کە ئەو تەنگوچەڵەمانەی لە سیستەمی سەرمایەدارییدا هەن، بنبڕیان بکات. بەڵام ئەمە وانەبوو. دوای تێپەڕبوونی ٧٠ ساڵ ئەو سیستەمە رووخا و، سەر لەنوێ جێگەی خۆیدا بە سیستەمی ئابووریی سەرمایەداری.

**(پ٦)- ئەورۆکە باس لە ئابووریی سیاسیی، یان باس لە نیولیبرالیزم دەکرێت، تکایە بۆ ئاگاداریی خوێنەرەوە، بە کورتیش بووە، سەبارەت بەم دوو چەمکە ئابوورییە بۆمان بدوێن!**

**و:** **نیولیبرالیزم لەبواری ئابووریدا، درێژەی بۆچوونەکانی مۆنیتۆریستەکانە** کە دیارە بەشێوەیەکی زۆر توندوتیژتر. بۆچوونی نیولیبرالیسم لەبواری ئابووریدا زۆر نێزیکە لە بۆچوونی ئابووریی زانایانی ئۆتریش (نەمسا) ی و، باوەڕیانوایە هەموو گوشارێک بخرێتەسەر لایەنگریکردن لە مافی تاکەکەس و، لاوازکردنی رۆڵی دەوڵەت لەبواری ئابووریدا. ئەم بیروبۆچوونە بوو بە بناخەی بۆچوونی مارگرێت تاچر سەرۆکوەزیرانی پێشووی بریتانیا و رۆناڵد رێگەن سەرکۆماری پێشووی ئەمریکا لەسەرەتای هەشتاکاندا. تاچر و رێگەن هەوڵی گەورەیاندا تا ئەو جێگەی دەکرێت دەستی دەوڵەت لە ئابووریدا کورتتر بکەنەوە و،

هەموو شتێک بخەنە خزمەتی **کەرتی کەسیی (خصوصي)** یەوە. زۆربەی زۆری ئەو شیرکەتانەی دەوڵەتی بوون، فرۆشران بە کەرتی کەسیی. هەوڵدرا خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگە بکەن بەخاوەنی کارگە و شیرکەتەکان، یان شەریکەبەشی سەرمایە لە کارگە و شیرکەتەکاندا. لایەنێکی دیکەی ئەم بۆچوونە ئەوە بوو، هەموو ئەو سەندیکا و یەکێتیی کرێکاری و یاساکانی تایبەت بە مافی کرێکاریی، کە لەدوای ساڵانی ١٩٤٥ وە دامەزرێندرابوون و، داڕێژرابوون، دەبوو هەڵبوەشێندرێنەوە و دەسەلاتێکی زۆرتر بدرایە بە خاوەنی کارگە و شەیکەکان و خاوەنەکانی سەرمایە، بۆ ئەوەی هەرکات بەپێویستیانزانی ڕێژەی کار ببەنەسەرەوە و، هەرکات پێیانخۆشبوو ڕێژەی کار بەرنەخوارەوە. لایەنێکی دیکەی بۆچوونی **نیولیبرالیسم** ئەوەیە، بانگی ناوەندیی (مرکزی) وڵات دەبێ لە دەوڵەت جیا بێت. بانکی ناوەندیی بۆ ڕاگرتن وکۆنترۆڵکردنی نرخ لە بازاڕ، دەبێ خۆی بڕیاربدات کەی و چەندە سوودی بانکی ڕەچاوبکات. لایەنگرانی ئەم بۆچوونە ئابوورییە دەڵێن، ئەگەر بانک لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا بێت، ئەوا دەوڵەت بەئاسانی دەتوانێ سیاسەتەکانی خۆی بەسەریدا بسەپێنێت. جا بۆ ئەوەی بازاڕ لەم بابەتەوە دڵنیابکرێ کە دەوڵەت ناتوانێ دەستوەرداتە بڕیارەکانی بانکی ناوەندیی، ئەوا دەبێ بانکی ناوەندیی سەربەخۆیی تەواوی هەبێت. لەڕوانگەی ئابووری – سیاسی نیولیبرالیسمەوە لەسیاسەتدا گرنگیی بە ئابووری دەدرێ و، تەماشای کاریگەریی ئابووری لەسەر سیاسەتدا دەکات. بەکورتی، ئەم بۆچوونە چاو لە ئابووری دەکات لەو ڕوانگەوە چۆن سیاسەت وئابووری دەتوانن لەسەر یەک کارکرد دابنێن. یەکێک لەو نموونانە ئەوەیە کە دەوڵەت لەپێوەندیی خۆی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا، هەوڵدەدات سیاسەتێکی وابگرێتەبەر کە بتوانێ زۆرترین سوود بە وڵاتەکەی خۆی بگەیەنێ. بۆنموونە سیاسەتی دانان، یان لابردنی کومرک (باج) لەپێناو گەشەی ئابووریی وڵاتەکەیە.

**(پ٧)- ماوەی پتر لە ساڵێکە، قەیرانی ئابووریی وڵاتانی خاوەن پیشەسازیی گەورەی دنیا - وەک ئەمریکا، ئینگلیز، ئەڵمان، ژاپۆن و... هتدی گرتووەتەوە. دەوڵەتی ئەمریکا و ئەو دەوڵەتانەی کە بەرەوڕووی قەیرانی ئابووریی هاتن، بەبەخشینی پووڵ و بووجەیەکی زۆر بە بانکەکان و کارگەکانی گەورەی پیشەیی، توانییان تارادەیەک کێشەکە چارەسەر بکەن، بەڵام هێشتا مەترسییەکە ماوە و، لەنێو نەچووە! بە بۆچوونی ئێوە، ئەم دیاردەیە چۆن سەرپهەڵدا و، لێکدانەوەتان چییە بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە جیهانییە!؟**

**و:** قەیرانی گەورەی ئابووری لەنێوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٧ دەستیپێکرد. ڕیشەی ئەم قەیرانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦١، بۆ ئەوکات کە **نیکسۆن سەرکۆماری ئەمریکا** بڕیاریدا ڕێککەوتننامەی بەناوبانگی **"بۆرتۆن"** هەڵوەشێنێتەوە. هۆی ئەم بڕیارەی نیکسۆن لەوەوەهات بتوانێ بووجەی جەنگی ڤێتنام دابین بکات. هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی **"بۆرتۆن"** کە لەساڵی ١٩٤٤ دوای جەنگی جیهانیی دووەم



لەنێوان وڵاتانی جیهاندا مۆرکرابوو، بوو بەهۆی ئەوە، ئەو ساتوسەودایەی لەبازاڕی پووڵدا لەنێوان نرخی پووڵی وڵاتێک لەگەڵ وڵاتێکی دیکەدا دەکرا، لەنێو بچێ. تاکو ئەوکات بناخەی پوولیی، وا داڕێژرابوو، ئەو وڵاتەی دەیویست پووڵ لە چاپبدات، دەبوو هەر بەو ڕێژەیە دۆلاری ئەمریکاییشی هەبێت، ئەگەر نەیبوایە ئەوا پووڵەکەی خۆی بێپشتیوان دەبوو. **لەنێوچوونی بڕیارنامەکە، بوو بە هۆی ئەوە، هەر**

**لەبەریکەوە ولاتانی دنیا وازیان لە بریارەکەی پێشوو هێنا. ئەوجا پوولی ولاتەکەی خۆیان دایە دەستی بازار کە ئاستی نرخی پوولەکەیان لە بازاردا بەراورد بکات.** ئەمە لەبواری ئابووریدا پێیدەلێن: **"شناوەرکردنی پوول" (سووکبوونی قورسایی پارە).**

ئەم رووداوە و هەروەها **هاتنەسەرکاری نیولیبرالەکان بەپشتیوانیی بۆچوونی مۆنۆتوریستەکانی زانستگەی شیکاگۆی ئەمریکا لەبواری دارایی دنیا،** کۆمەڵێک گۆرانکاریيان پێکهێنا کە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بێوێنە بوو. بۆچوونی تازە بەم جۆرەیە، پوول و کەلوپەلی بەهەر رێژە و رادەیەک، بە ئاسانی بتوانێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بگوێزرێتەوە، هەروەها هەناردە و هاوردەی کەلوپەل و هاتوچۆی مرۆڤ بۆ شوێنەکانی دیکە ئاسان بکرێت. ئەم ئاسانکارییانە بوونە هۆی ئەوە لەو مەڵبەند و ولاتانەی ئەگەری سوود و قازانجی زیاتریان هەبوو، بەئاسانی بتوانرێ سەرمایەی لێ بخرێتەگەر، واتە سەرمایە لەماوەیەکی کەمدا لە شوێنێکەوە بگاتە شوێنێکی دیکەی دنیا. ئەمەش بوو بەهۆی ئەوە کە بەتایبەتی لەساڵی ٢٠٠٠ بەملاوە، کۆمەڵێکی تازە چالاکیی دارایی پەیدابێ، کە تاکو ئەوکات رێی پێنەدەدرا. پێدانی قەرز لەلایەن بانکەکانەوە ئاسانکاریی زۆری بۆکرا و، ئیدی پێویست نەبوو وەکو جاران قەرزی گەورە ببەسترێتەوە بەهەبوونی ئەو ئەندازەیە لە ماڵ و دارایی. بەو شێوەیە نەما کە تۆ بۆ وێنە بۆ کرینی خانوویەک، دەبوو حەتمەن داهاتی ساڵانەکەت زۆر لەسەرەوەبێت. خەڵک توانییان تاکو پێنج بەرامبەر زیاتر لە مووچەی ساڵانەیان، قەرزووەربگرن. ئەم قەرزانەی درابوون بە خەڵک، لەلایەن شەریکە جۆربەجۆرەکانەوە، بازاری بۆ کرایەوە و توانرا، قەرزەکە خۆی وەک نرخ کرینوفرۆشتنی پێبکرێت. ئەو شەریکانەی وا قەرزەکانیان وەردەگرتەوە، بۆ ئەوەی پارەی پێویست پەیدابکەن، لەسەر ئەو قەرزانە **"اوراق بهادار" (کاخەزی نرخدار)** Bond یان بلاوکردەوە. ئەم پرۆسەیە، لەوەرگرتنەوەی قەرز لە تاکەکەسێک، تاکو بلاوکردنەوەی بەرگی قەرزی نرخدار، پێیدەگوترێ **"سکوریتایزایشن".** بریاروابوو خاوەن قەرزەکان (قەرزدارەکان)، پوولی قەرزەکانیان بدەنەوە بە بانکەکان. ئەو پارەیە کە وەکو سوود دەدرایەوە بە بانکەکان، بریاروابوو بەشێکی سوودەکەی بچێتە گیرفانی ئەو کەسانەی وا کاخەزی قەرزی نرخداریان کریبوو. لەساڵی ٢٠٠٧ دا و پێش هاتنی هاوین، بانکی ناوەندیی ئەمریکا هاتە سەر باوەرەوە کە نرخی شتومەک دەچێتەسەرێ و، بۆ پێشگیریکردن لەمە، هات سوودی بانکی بردەسەرێ. ئەو کەسانەی کە لە بانک قەرزیان کردبوو، خانوویان کریبوو، پاش ئەم بریارەی بانکی ناوەندیی دەبوو پوولێکی زۆرتر بدەنەوە بەبانک. خەڵکێکی زۆر دەرەقەت نەهاتن و، نەیانتوانی پارەی مانگانەی بانک بدەنەوە و، چوونە بانکەکان و کلیلی خانووەکانیان دایەوە بە بانکەکان. لەمەوە بانکەکان تووشی بێپوولییەکی گەورە هاتن. دەگوترێ ٤٠٠ **تریلیۆن دۆلار** لە بانکەکان چووەتە دەرەوە و، ئەم پارەیە ناگەرێندرێتەوە. ئەمە بوو بە هۆی دەستپێکردنی قەیرانێکی گەورە لە ئاستی هەموو جیهان.

بۆ ئەوەی لەبەرامبەر ئەم قەیرانەدا بوەستن، دەوڵەتان هاتن لە هەموو ئەو ئەزموونانەی پێشوو کەڵکیانوەرگرت کە وا لەساڵانی ١٩٣٠ -١٩٤١ بەدەستهاتبوون، بەڵام وەکو ئەوکات نەوەستان کە بازار خۆی، کێشەی خۆی چارەسەربکات. پارەیەکی یەکجار زۆریاندا بە بانکەکان. ولاتانی رۆژاڤا هەربەمەوە نەوەستان، دەستیانکرد بە خستنەگەری پوولێکی زۆر لە بواری جۆراوجۆردا، بۆ ئەوەی نەهێڵن ئابووریی ولاتەکانیان لەوە زیاتر تووشی شکان بێت.

لەباری تیۆرییەوە ئەم ولاتانە گەرانەوە بۆ "کینزیسم" و، هەموو ئەو سیاسەتانەی وا ئەو لەساڵی ١٩٣٦ دا پێشنیازیکردبوون، بەکاریانهێنا. ولاتانی رۆژاڤا بەم کارەیان، بەکردەوە پشتیانکردە "مۆنۆتوریسم" و، رووپانکردەوە "کینزیسم". ئەمە خۆی لەخۆیدا، گۆرانێکی گەورە بوو لە بیروبۆچوونی ئابووریدا. ئەو راستییە ئاشکرا بوو کە ئەگەر قەیران روویدات، مۆنۆتوریسم وەرام ناداتەوە، بەڵکو ئەوە کینزیسمە کە وەرامی قەیران دەداتەوە. قسە لەسەر ئەوە هەیە، کۆمەڵێک ئاڵوگۆری زۆر گەورە لە کاری بانکی لە ئاستی هەموو جیهان روویدات. بۆ ئەوەی ئەم قەیرانە دیسان روونەداتەوە، بەکارهێنانی کینزیسم کاریگەرییەکەی وای هەبوو کە چاوەرواندەکرێ لەماوەی ١٦ مانگدا ئەم قەیرانەش لاببرێت.

**(پ٨)- وەک دەزانین، رژێمی ئێران، بەپێی یاساورێسای ئیسلام و باوەرەکانی ئاینی ئیسلامەوە بەرێوەدەچێت. کاربەدەستانی رژێمی ئێران، لەبەرێوەبردنی ئابووریی ولاتدا، زۆر جار باس لە "ئابووریی ئیسلامیی" (اقتصاد اسلامی) دەکەن. ئایە ئەم روانگەیە لەرووی زانستی ئابوورییەوە بە قوتابخانەیەکی نوێی ئابووریی پێناسە دەکرێت؟**

**و:** ئەوی وا کۆماری ئیسلامیی لەباری ئابوورییەوە باسیدەکات، شتێکی تازە نییە و هەر ئێستا لەزۆربەی ولاتانی

ئیسلامی بەتایبەت لە بواری بانکیدا، بانکەکانی ئیسلامیی بۆ ماوەی چەندین ساڵە کاردەکەن. ئەوی ئاشکرایە، زۆربەی هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامیی لەباری ئابوورییەوە دەکرێن بەدوو بەشەوە: **یەکەم، هەموو چالاکییەک دەبێ لەو پێناوەدا بکرێ کە زۆرترین قازانجی سیاسی بەدواوە بێت. دووەم، هەموو سیاسەتێکی ئابووری، دەبێ لەخزمەتی قازانج وبەرژەوەندیی سوپای پاسدارانی ئیسلامیدا بێت.**

سوپای پاسداران، ئەورۆکە گەورەهێزی ئابووریی ئێرانە. هەموو چالاکی و تێکۆشینێکی ئەوەیە، ئەم دەولەتە لەنێو دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران (دەولەت لەنێو دەوڵەت) دا، بەشێوەیەک بروەتەپێش، کە دەوڵەتی دووەم (سوپای پاسداران)، لە هەموو بوارەکاندا و لەهەر جێگەیەک سەرمایە دەخرێتەگەڕ، لەسەرمایەی بچووکەوە تاکو سەرمایەی گەورەی وەکو کڕینی 51%ی شیرکەتی تەلەفۆنی ئێراندا، دەستی هەبێت. هەر ئەمەشە، رۆژ لەگەڵ رۆژ ئەم نێوەندە تادێ بەهێزتر دەبێت.

باسکردن لە ئابووری ئیسلامیی، پرۆپاگەندەی سیاسییە بۆ بەهێزکردنی سوپای پاسداران. لەپەنای ئەمەدا، دەبێ بڵێین کە چوونە سەرەوەی نرخی نەوت بەتایبەت لەساڵی ٢٠٠٨ دا، قازانجێکی وای بە دەوڵەتی ئێران گەیاند کە بتوانێ قسە لەوە بکا، سوودی بانک لەخوارەوە هەلایسان (تورم)ی نرخەوە بێت. ئەمە جگە لە پرۆپاگەندەی سیاسیی شتێکی دیکە نییە. ئەمە خۆی لەگەڵ هیچ شێوازێکی ئابووریی دنیادا ناگونجێ و، تەنیا لەخزمەتی پرۆپاگەندەی سیاسیدایە و، بۆ ئەوەیە پێشانیدەن کە زۆر خواپەرستن. قازانجی کورتماوەی سیاسیی، لەپێناوی ماڵوێرانیی درێژخایەندا.

**(پ٩)- نەتەوەی کورد، بەهۆی ژێردەستەی و، داگیرکراویی خاکەکەیەوە، لەبواری ئابووری و پێشکەوتنەکانی تێکنۆلۆژیاوە دواکەوتووە. ئەمەش وایکردووە لە تێگەیشتنی ئەم بوارە بەشێوەی زانستانە بێبەش بێت. کورد چۆن دەتوانێت، لەم بوارەدا خۆی پێشبخا و، چۆن دەتوانێت گەشە بە بناخەی ئابووریی خۆییدات؟**

**و:** ئەمە پێوەندیی بە دۆخی ئابووریی کوردەوە هەیە. پێوەندیی بە بارودۆخی سیاسیی کوردەوە هەیە. ئاڵوگۆڕی تایبەتی ئابووریی لە کوردستان لەهەموو بەشەکانیدا، تەنیا ئەوکات دەتوانی چاوەڕوانییەکی لێبکەی، کە کێشەسیاسییەکەی، لانیکەم جوابێکی وەرگرتبێتەوە. ئێمە باس لە گەشەی ئابووریی لە کوردستاندا دەکەین. گەشەی ئابووری لە کورتماوەدا مسۆگەرنابێت. ئەمە تەنیا لە درێژماوەدایە کە دیتەدی. دارشتنی پرۆژەی درێژماوە، پێویستی بە ئەرخایەنبوونی سیاسیی درێژماوە هەیە. بۆنموونە سەرمایەداری دەرەکیی کاتێک سەرمایەکەی لە ولاتێکدا دەخاتە گەڕ، کە دڵنیابێ، ئەو ولاتە داهاتوویەکی رۆشنی هەیە. هەموو ئەو قانوونانەی وا پاڵپشتی مانەوەی سەرمایەکەیانە لەو ولاتەدا دامەزراوە و بەڕێوەدەچێت.

**ئەم کۆسپە گەورە سیاسییە بەبروای من گەورەترین ئاستەنگە لەرێگەی گەشەکردنی ئابووریی لە کوردستاندا. داهاتووی سیاسیی کورد چی بەسەردێ، لەوانەیە زۆر ئاسان نەبێ دەسنیشانبکرێ، بەڵام تاکو ئەو جێگەی شوێنێک وەکو باشووری کوردستان دەگرێتەوە، سەرەرای نەبوونی رۆناکایی سیاسیی، دەوڵەتی هەرێم دەتوانێ سێ ئەرکی گرنگ هاوکات بباتەپێشەوە:**

**١- هەوڵبدات ئەو قانوونانەی وا لە مافی تاکەکەس پشتگیری دەکا بپارێزرێت. لەمافی تاکەکەس بۆ هەبوونی خانوو – نەتەنیا خانوو بەڵکو هەموو پێداویستییەکانی نێوماڵ دابمەزرێنێت. دان بە مافی تاکەکەسدا بنرێ و، پاسەوانی لە مافەکانی تاکەکەس دەبێتە هۆی ئەوە کە باقی ئەو قانوونانەی وا لەسەرمایەی چکۆلە و گەورە، نێوخۆیی و دەرەکیی دابمەزرێ. ئەمە رێگە خۆشدەکات بۆ هاتنی سەرمایەی دەرەکیی بۆ کوردستان. لەراستیدا هەموو هەوڵێک دەبێ بدرێ کە ئەم خاڵە مسۆگەر بکرێت.**

**٢- دەوڵەتی هەرێم، دەبێ تێبکۆشێ لەبواری ژێرخانی کوردستان – جادە و بان، فوتابخانە، نەخۆشخانە، تەلیفۆن و هاتوچۆ سەرمایەبڕێژیی تایبەت بەشێوازی ئەمرۆیانە و مۆدێرن بکات. ولاتێک وا لەباری ژێرخانی ئابووریی لاوازە، ناتوانێت سەرمایەی دەرەوە و، سەرمایەی نێوخۆ رابکێشێت.**

**٣- دەبێ پارەیەکی بەرچاو لەبواری خوێندندا سەرفبکرێت. ئەمە خۆی لەگەشەی درێژماوەی هەر ولاتێکدا دەوری تایبەت دەگێرێت. جێبەجێبوونی ئەم پرۆژەیە، دەبێتە هۆی ئەوە، ئەم هێزەی وا زانستی ئەمرۆیی پێیە و، ئامادەیە ئەگەر سەرمایەی دەرەوە، یان نێوخۆ پێویستیانبوو پێی، بەزووترین کات ئامادەی کاربێت بۆیان.**

**ئەم سێ سیاسەتە ئابوورییە، لەلایەکەوە لەدرێژماوەدا دەبێتە هۆی دروستبوونی چینێکی مامناوەندی و چەقبەستنی سەرمایە، لەلایەکی دیکەوە گەشەی ئابووری، کۆمەلایەتی و سیاسیی، بەبێ رەچاوکردنی ئەو سێ خالە مسۆگەر نابێت!**

# ململانێی من لەگەڵ نیچە (پێغەمبەری ئازادی)، لەمەڕ پرسی بوون و نەبوون و مێتافیزیکدا!



## ئەیووب رەحمانی

لە پێشەکیدا تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە مەبەست لەم وتارە و لەو سەر تیتلە ئەوە نیە کە من خۆم خستبێتە ئاست نیچەوە، نا، ئەمە لە مەحاڵاتە و کوا ئەو زەریایە لە زانیاری و فەلسەفە و زیرەکیە لە کوێ و ئەم دڵۆپە لە زانستەی کە من هەمە لە کوێ پێکدەگەنەوە، ئەگەر چی بە هۆی تەعەلوقی من بە کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەوەیە و بە هۆی بوونی ژیانی من لە قۆناخی دیجیتاڵدا و قۆناخی ژیانی نیچە کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە تا کۆتایی ئەو سەدەیە کە تێیدا بووە (١٨٤٤- ١٩٠٠) و تەنیا حەوت مانگ و بیست و پێنج ڕۆژ لە سەدەی نۆزدەدا ژیاوە و بەس، سەرەتای شۆڕشی پیشەسازیی ئەزموون کردووە، واتە ئەم جیاوازی قۆناخی ژیانەش ئیزن بە من دەدات لە هەندێک بواردا زانیاری زیاترم لەمەڕ گەردوون و مێتافیزیک هەبێت، بەڵام جیاوازییەکە لێرەدایە کە ناوبراو لە قۆناخی ژیانی خۆیدا نابغەیەک بووە و زۆر بوێرانە لە دژی سونەت وەستاوەتەوە و ئەمن جۆرێکی دیکەم و نابغەش نیم!

**فریدریش ویلهێلم نیچە لە شارێکی ڕۆژئاوای ئالمان بە ناوی لوتزن (Lützen) لە گەرەکی ڕۆکن لە ١٥ی ئۆکتۆبەری ١٨٤٤ لە دایک بووە و بیست و شەش ساڵ لە کارل مارکس لاوتر بووە.** نیچە لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا لە شاری بازڵ لە سویس دەبێتە پرۆفیسۆر لە فەلسەفەی سیاسیدا. دە ساڵ دواتر بە هۆی نەخۆشییەوە واز لە پرۆفیسۆرییەکەی دێنێت و لەمەودوا وەک نووسەرێکی بێ وڵات دەست دەکات بە سەفەر و گەران لە وڵاتانی ئورووپایی لە بەینی ئالمان و فەرانسە و ئیتالیا و سویسدا. لە تەمەنی چل و چوار ساڵیدا توشی نەخۆشیی نەفسی دەبێت و لە یازدە ساڵی دوایی ژیانیدا واتە تا تەمەنی پەنجا و شەش ساڵی کە کۆتایی بە ژیانی دێت دایکی و خوشکی سەرپەرشتی و تەر و ویشکی دەکەنەوە و جێگای سەرسوڕمانە کە ئەو بەرهەمانەی کە لەم یازدە ساڵەی نەخۆشیدا بەرهەمیان دێنێت و دەینوسێت، گەورەترین دەنگ دەدەنەوە و ناوبانگی پێ پەیدا دەکات و دەبنە ئەو بنەما فەلسەفییانەی کە ئەو دەکەن بە پێغەمبەر و شاعیری ئازادی. نیچە لەم بەرهەمانەیدا زۆر بە قووڵی ڕەخنە لە بوارە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤ وەک، ڕەخنە لە ئەخلاقیات، ئاین، فەلسەفەی کاتی خۆی و پێش خۆی، زانست و هونەر دەگرێت و زۆر بە قایمی و جەسورانە جەخت لەسەر سەربەستیی مرۆڤ دەکاتەوە. زۆر جار زانستی عەتیقی یونان دەداتە بەر هێرش و لە پەسا هێرش دەکاتە سەر ئەخلاق لە ئاین و مەسیحییەتدا و هەروەها هێرش دەکاتە سەر فەلسەفەی بنەڕەتیی مێتافیزیکی پلاتۆن و ئەریستۆتالیس، فەیلەسوفانی یونانی کۆن و دامەزرێنەرانی بنەماکانی فەلسەفەش وەک ئیفلاتوون! نیچە لە ٢٥ی ئاگوستی ١٩٠٠ لە شاری وایمار لە نیزیک شوێنی لە دایکبوونی خۆی لە نێوبنەماڵەدا دڵی لە وەستان دەکەوێت و ماڵئاوایی لە ژیان دەکات!

ئەو تایبەتمەندییانەی نیچە، وای لێدەکەن کە سەرنج و ڕێزی بە کەسایەتیی نیچە، لە چاو فەیلەسوفەکانی دیکە بە هێزتر بێت! لە بارەی کەسایەتیی نیچە و ژیان و کار و بەرهەمەکانی و هەروەتر لەمەڕ بیروبۆچوونەکانی، دەتوانین

ئەمڕۆکە هەزاران پەرتوک و وتار و نووسراوە بۆ خوێندنەوە بە زمانە جۆربەجۆرەکان پەیدا بکەین، چ ئەو پەرتوک و وتار و بەرهەمانەی کە بۆخۆی نووسیونی و، چ ئەوانەشی کە پاش خۆی لە سەری نووسراون. ئەو کۆمەڵە وتار و بەرهەمانەی کە دوای خۆی لە سەری نووسراون بەم قەناعەتەمان دەگەیەنن کە تێگەیشتن لە هزری ئەم بیرمەندە، لای هەموو کەس وەک یەک نییە و زۆر کەس تێڕوانین و خوێندنەوەی جیاواز لە یەکیان بۆیان هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نیچە شێوەیەک لە نووسین ڕەچاو دەکات کە بە ئافۆریزم (Aphorismus) ناوزەد دەکرێت و ئەم ئافۆریزمە تەنانەت لە شیعرەکانیشیدا بەر چاو دەکەوێت و هەر ئەمانە وایان کردووە کە نیچە هەم وەک فەیلەسوف و هەم شاعیر و هەمیش وەک نووسەر و ئەدیب بناسرێت، بە شێوەیەک کە گەلێک لە بەرهەمەکانی نە دەچنە خانەی ئەدەبییاتەوە و نە دەشچنە خانەی فەلسەفەوە و بەم تایبەتمەندییە دەڵێن ئافۆریزم! دیارە هەندێک لە فەیلەسوفەکان لەمبارەوە کەم تا زۆر لێک نیزیکن کە بەرهەم و فیکر و تێڕوانینەکانیان هەندێک جار دژبەرایەتی و زید و نەقیزی یەکەن! بەڵام نیچە خۆی لە بەر چاوترینی ئەم جۆرە فەیلەسوفانەیە! نیچە تایبەتمەندییەکی دیکەشی هەیە و ئەویش ئەوەیە کە بەرهەمە سەرەتاییەکانی لە گەڵ ئەوانی کۆتایی زۆریان جیاوازی هەیە و بگرە زۆر دژ بە یەکن و هەرگیز ناچنەوە سەر یەک، بەڵکو یەکتر ڕەت دەکەنەوە، بە جۆرێک کە وا دەر دەکەون کە ئەم بۆچوونانە، بیر و باوەڕی دو فەیلەسوف یا دو بیرمەندی بە تەواو مانا جیا لە یەک بن و لە دو جەمسەری جیاوازدا بن! ئەم دوگانەگیە لە نیچەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو لە سەرەتاوە هاوبیری شۆپێنهاوەری فەیلەسوفی ئاڵمانی-لەهێستانی (Arthur Schopenhauer)و لەژێر کارتێکەریی بۆچونە فەلسەفییەکانی ئەودا بووە و لە سەرەتادا وەک ئەو بیری کردۆتەوە، بەڵام دواتر سەربەخۆییەکی فیکری پەیدا دەکات و ئەوجار خۆی لە بیری ڕەشبینی و پێسیمیستی (Pessimismus) شۆپێنهاوەر ڕەها دەکات و بە بیر و بۆچون و هزرێکی بە تەواو مانا دژی بیرە پێشووەکانی خۆی دەگات و ئەمەش خۆی بۆتە هۆی ئەوەی کە ئێمە نیچە بەم تێڕوانینانەی ئەخیریەوە بناسین کە هەیە!



نیچە لە سەرەتای بیری فەلسەفی خۆیدا هاوکات لەگەڵ شۆپێنهاوەر یا وەک وتم لە ژێر کارتێکەری شۆپێنهاوەردا لە هزرێکی بە تەواو مانا تاریکا بەسەریان دەبرد و هەمو شتێکیان لەم جیهانە و لە ژیاندا بە ڕەشی دەبینی. ئەوان تا ڕادەیەکی زۆر گیرۆدەی پرنسیپ و داونەریتە ئاینیەکانی سەردەمی خۆیان و چەمکی مێتافیزیکی یۆنانی کۆن بوون و سنوورێکی ئەوتۆ لە نێوان ئەوان و ئەم چەمکە حازرییانەدا نەبوو. ژیان لای ئەوان تاریکستانێک و ئازارێکی بەردەوام بووە و باوەڕیان وابووە کە مرۆڤ پێویستە خۆی لەم ئازارانە لابدات و هەوڵبدات کەمترین ئازارەکان ببینێت. ئەوان دو بیرمەند بوون کە پێیان وابووە مرۆڤ چاو بە ژین دەپشکوێت، بۆ ئەوەی هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە توش ئازار ببێت و پێویستە بەردەوام لە ململانێ لەگەڵ ئەو ئازارانەدا بژیت و تا دەتوانێت و بۆی دەکرێت خۆی لابدات لێیان.

لە پەراوێزدا ئەمە بڵێم کە ئەم تێڕوانینە لە جیهانبینی و بوون و خوود و ژیان، مرۆڤی فورسەت تەڵەب، خۆویست، بێگانە لە هەستی هاونەوعی و لە هەمان کاتدا مرۆڤی ترسنۆک دەخوڵقێنێت، کە دایمە لەهەوڵدا بێت هەر چی هەیە و نیە تەنیا بۆ خۆی و تاکی خۆی بێت و هیچ گرنگی نەدات بەوەی کە کەس یا کەسانی دیکە ئازار دەچێژن یاخۆ پێویستیان بە یارمەتی هەیە! کەواتە لای ئەمجۆرە مرۆڤانە، "خوود" تەنیا مەبەستە و نەک کەسی دیکە یا کۆمەڵگا و یا کۆمەڵگاکان یا مرۆڤەکانی دەوور و بەری. ئەو مرۆڤانەی کە ئا لەم شێوە تێڕوانینە پەیڕەوی دەکەن، جا ئێستا ئەم کەسایەتیەیان وەک ژێنەتیک بە میرات وەر گرتبێت یا خۆ بە ئەنقەست وا ڕەفتار بکەن، مرۆڤگەلێکن کە دەتوانن ببن بە بازرگانی چاک، بۆ ئەوەی لەمانەدا تەنیا بەرژەوەندی و گیرفان و ئەویش تەنیا بۆ خۆیان لا گرنگە و دەشتوانن وا بن، بەڵام بازرگانییەک دەکەن کە ریسکی تێدا نەبێت و لە ریزیکۆ دەترسن. ئەمجۆرە مرۆڤانە کە بشبن بە سیاسەتمەدار،

سیاسەت دەکەن بە دووکان و بازاڕ و شوێنی مەعامەلە و بەرتیل و ڕشوە و ئەمانە و ئیتر وای بە حاڵی ئەو کۆمەڵگایانە کە حکومەتەکەی بە دەست بازرگانەکانەوە بێت، هەمو وڵات کۆدەکەنە و بە بەرژەوەندییەکی دەفرۆشن! لەمبوارەشدا خۆیان لە قەرەی هەمو شتێک نادەن و هەر ئەوەندە لە شت دەچنە پێش کە بزانن زەرەریان پێ ناگەیەنێت! بەڵام کۆمەڵگا زەرەریش بکات کێشەی ئەمان نابێت و دەڵێن بە "من" چی، "خۆم" خۆش!!

بەڵام نیچە لەپڕ ڕێگا و تێروانینەکانی دەگۆڕێت و خۆی لە دید و بۆچوونەکانی شۆپێنهاوەڕ جیا دەکاتەوە و هزرەکانی پێشوی ڕەت ئەکاتەوە و ئەمجارەیان لایەنی ڕۆشنی ژیان ئەبینێت و دەشبێتە یەکێک لە گرنگترین فەیلەسوفە دژە ئایینیەکان و ئەمجارەیان ئیتر ئایین وەک ئەلکۆل پێناسە دەکات و لای ئەو هەردووکیان واتە ئەلکول و ئایین بە قەدەر یەک دەبنە بێهۆشکەر و سەرخۆشکەری مرۆڤەکان. بۆیە هاوکات کە خۆی لە کارتێکەریەکانی ئایین دور دەخاتەوە، ئەلکۆلیش ناخواتەوە و خۆی لە هەردوکیان بە دور ڕادەگرێت و بەم کارەیشی دوگانەگیەکی دیکە لە نیچەدا بەدی دەکرێت کە ئەو هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە سەربەستی بۆ مرۆڤ و دورکەوتنەوەی وی لە ئاین بە باشترین ڕێگای ژیان بۆ مرۆڤ نیشان دەدات، بەڵام بۆخۆی وەک سۆفییەک عارفانە ژیاوە، بە دور لە خواردنەوەی هەر جۆرە مەی و ئەلکۆلێکیش!

نیچە لەم قۆناخەی ژیانی ڕووناکبیری خۆیدا کە لە کاتی دەستپێکردنی نەخۆشییە دەروونییەکەیدا دەبێت، دێتە سەر ئەو باوەڕەوە، کە ئاین دەستکردی کۆمەڵێک مرۆڤی هەلپەرست و بازرگانە بۆ لەهۆشبردنی مرۆڤەکانی دەوروبەری خۆیان و بۆ ئەوەی بیانهێننە ژێر ڕکیفی خۆیان بۆ ساتوسەودا و سەوداگەری پێیانەوە. بۆیە جەختدەکاتەوە کە مرۆڤەکان وریای ئاین بن، تاکو گیرۆدەی نەبن! دیارە پێیرەوان و ڕێرەوانی ئاینەکان لە وڵام بەم تێروانینانەی نیچەدا پرسیار دەکەن، ئەگەر بنیاتنەرانی ئاین بۆ سەوداگەری ئاینیان پێکهێنابێت، خۆ خۆیان بە دەگمەن خێریان لە خۆیان و لە ئاینەکەیان بینیوە، بۆ نمونە نیچە لەمەڕ ڕەنج و ئازارەکانی مەسیح کە بۆ ئاین و بۆ خودای خۆی دەیکێشێت، چی دەڵێت؟ ئەمە پرسیارێکە کە لایەنگرانی مەسیح لە نیچەی دەکەن. کەواتە ئەگەر قسەکانی نیچە ڕاست بن و هاوکات داوەرییەکانی ڕێرەوانی مەسیحیەتیش بە ڕاست بگرین، ئەوجا ئەبێت گومان لەوە بکەین کە ئەوانەی بە ناوی بنیاتنەرانی ئایینی ناسراون - وەک عیسا مەسیح، ئەوان تەنیا مژرە بوون و وەپێش خراون قسە بکەن، بەڵام لە ئەساسدا کەسانێک یا خۆ بازرگانانی دیکە لە پشتی پەردەوە بوونە کە لە پێک هێنانی ئەو ئایینانە قازانجیان کردووە، هەر ئەوانەی کە نیچە بە تاریک بین و فورسەت خواز پێناسەیان ئەکات! نیچە هەروەها ئاگاداری گوێگران و خوێنەران و هاوبیرانی خۆی دەکاتەوە و لە ڕەتی ئاییندا ئاوا نەسیحەتیان دەکات کە پێویستە تەنیا ئەوەی هەیە و دەیبینین بە ڕاست و حەقی بزانین، چونکو هەن و دیارن، بەڵام ئەو خەیاڵ و ویزیۆن و ئارەزوانەی کە ئایینیەکان دەڵێن لە ئاسمانە و لە دور دەستەکانە، ئەمە بە ڕاست نازانێت، چونکو لە حەقیقەت ناچێت و هیچ بەڵگەیەک بۆ سەلماندنیان نیە، بۆیە دەڵێت لە سەر ئەرز بمێننەوە و سەر ئەرزی بیر بکەنەوە. پەراوێز: دەکرێت هەندێک جار لەم پاراگرافەی سەرەوە لە جیاتی ئایین وشەی حیزب دابنێین، ئەگەر چی حیزب بە مانای ڕێکخستن و ڕێکخراوە بوون پێویستە، بەڵام فەلسەفەی بوون و پێکهێنانەکەی هەندێک وەک ئایین وایە و دەگەڕێتەوە سەر کارکرد و کردەوەکانی!!

بە باوەڕی من تێروانینەکانی نیچە لەمەڕ سەر ئەرزی بوون و ئەو هۆکارانەی کە بۆ ڕەتی ئایین دەیانهێنێتەوە و بە گشت لە بواری مێتافیزیکدا بۆ ئەمڕۆ هەندێک کێشە دەنێنەوە یا باشتر بێت بڵێم هەندێک کێشە سازن. مەبەستم ئەوەیە،



کاتێک کە نیچە دەیوت خەڵکینە وەفادار بمێنن بە زەویی و ئەمەی هەیە و ئەیبینن ئەسڵی واقیعە، ئەمانەی لە دژایەتی لەگەڵ ئاینە ئاسمانیەکاندا دەوت و جەختیدەکردەوە کە باوەڕ بەو کەسانە مەکەن کە باسی هیوایەکتان بۆ دەکەن لە دەرەوەی زەویدا یا لە ئاسمانەکان!

ئەوەی لای من گرنگە ئەوەیە کە وەک نیچەش بۆخۆی وتوویەتی، سەربەخۆیی بیر و باوەری مرۆڤ زۆر گرنگە و وەک نیچەش دەڵێت مەکەونە ژێر کارتێکەری فیکری هیچکەسەوە و ئەوەی بۆخۆتان لاتان دروست و راستینەیە، تەنیا باوەڕتان بەوە بێت و لەمبوارەدا دەڵێت تەنانەت باوەڕ بە قسەکانی منیش، واتە نیچە، مەکەن و سەربەخۆ بن لە بیرکردنەوە و باوەڕەکاندا. کەواتە من ئێستا خۆم بە ئەنقەست لە باسی بوون و نەبوونی خودا و راستی و دروستی ئایینی لادەدەم و ئەمە دادەنێم بۆ خوێنەران، بەڵام ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر بوونی راستیی، تەنیا لە سەر زەویی هێندێک تێبینی و تێروانینم هەیە!

رای من ئەمەیە کە ئەستێرەی زەوی کە پێنج ملیارد مرۆڤ و شتێکیش لە دەوروبەری پێنج ملیارد ئاژەڵ و باڵندە و ماسی و مارومێرووی تێدادەژیی، لەچاو گەردون و کاکێشاندا تەنیا بە قەدەر مێرولەیەک دەبێ و، رەنگە نەشبێت. لەم گەردوونەی کە مەبەستمە، بە ملیۆنان ئەستێرەی وەک زەوی و بە سەدان و هەزاران جار ئەستێرەی گەورەتریش لە زەویی هەن، کە هێشتا مرۆڤ گەورەییەکەی گەردوون و ئەو ئەستێرانەش نازانێت! نیچەش خۆی دەڵێت واقیعی بیر بکەنەوە و تەنیا ئەوەی دەیبینن بەڕاستی بزانن و لەخۆڕا ئەوەی کە نایبینن، مەیپەرستن، یان باوەڕی پێمەکەن! هەر لەرووی ئەم قسەی نیچەشەوە من بەم ئاکامە دەگەم کە ئەگەر ئێمە راستیی تەنیا لە رووی ئەوەوە ببینین کە شتەکە دیارە و لە بەر چاوماندایە، کەواتە دەبێت پێچەوانەکەیشی هەر قەبوڵ کەین و بڵێین "**شتێکیش کە نازانین گەورەییەکەی چەندەیە و هێشتا مەزنایەتییەکەی نازانین، نابێت لەخۆڕا بە بۆش و بەتاڵی لە قەڵەم بدەین"!!** ئالێرەوەیە کە من پێموایە مرۆڤ لە سەر زەوی و زەویش لە ئاسمان تەنیا نین و ئەم کاکێشانە گەورەیە، تەنیا بۆ مرۆڤ پێکنەهاتووە و دەشێت کەسانی دیکەش لە دەرەوەی ئەم زەوییەی ئێمە و دوورتر لەئێمە بژین. کاتێک من بیر لە گەورەیی ئاسمان و نەزمی کاکێشان دەکەمەوە، هەموویم وەک پرۆگرامێک دێتە بەرچاو

کە پێشتر دارێژراوە و، ئێمەی مرۆڤ لە سەر زەوی بەشێکین لەو مینیاتۆرە گەورەیە، بەڵام هێشتا ژیریی مرۆڤ و تواناییەکانی بەو ئاستە نەگەیوە کە بتوانێت دەرکی ئەم پرۆگرامە بکات! ئەگەر چی ئاینە ئیبراهیمیەکان شتێک بە ناوی **قەزا و قەدەر،** یان چارەنووس و ئەجەلی خودایی دێننە پێشەوە، بەڵام ئەوان خودایەک بە خوڵقێنەری هەموو شتێک دەزانن کە چاک و خراپی و چلۆنایەتی ژیانی مرۆڤەکان و تەنانەت مەرگ و ئەجەلیش بە دەست ئەوە و پێیانوایە کە ئێمە تەنیا بە ئیرادەی ئەو، واتە خودا دەمرین و لە ئیسلامدا بەمە دەڵێن **عیلەت و مەعلول.** ئەمە هەر ئەو پرۆگرامەیە کەمن باسی دەکەم! کەواتە ئێمە لەڕووی ئەم ژیربێژییەوە، دیارە ئەگەر بە ژیربێژیی بزانین، پرۆگرامێکین کە نووسراوین و پرۆگرامچییەکان، یان ئەوەی ئاین پێیدەڵێت خودا، دەمانمرێنێت و رۆڵی ئێمە لەم شانۆیەدا بە "مراندنمان" کۆتایی پێ دێت!" کەواتە ئێمە نامرین، بەڵکو دەمانمرێنن، بەڵام لە رێگەی هۆیەکەوە، یان کەسانێکی دیکەوە کە ئەوانیش وا پرۆگرامرێژیکراون کە بمانکوژن، یان ببنە هۆکاری کوژرانی ئێمە، جا ئەوجار کە رۆڵی ئەوانیش لە شانۆی ژیان نەما، کەسانێکی دیکە پرۆگرامیزە دەکرێن کە ئەوان بکوژن یا رۆڵی ئەوان و ئێمەیش لە رێگەی نەخۆشی، رووداو، شەڕ، خەبات، یان شتێکی دیکە کۆتایی پێدەهێنرێت!! ئالێرەدا خاڵێکیش شیبیکەمەوە کە هەروەک لەو وێنەی سەریشەوە بە جوانی دەر دەکەوێت، ئاین ئەو هێزە ئیلاهییە نەک لە ناو ئاسمان، بەڵکو لە پشت ئاسمان دادنێت و بیر لە مێتافیزیک دەکاتەوە، بەڵام مەبەستی من لە گەردوون هەر ئەوەیە کە لە ئاسمان هەڵواسراوە و بە شێوەیەکی رێکوپێک و کەم هەڵە ملیۆنان ساڵە بوونیان هەیە!

**با بۆ زیاتر لێکتێگەیشتن و شیکردنەوەی مەبەستەکانم نموونەیەک بێنمەوە.** هەر وەک چۆن مێرولەکان لە ناو شارە مێرووەکەی خۆیاندا تەنیا لە نەزم و قانون و قاعیدەکانی ناو شارەکەی خۆیان تێدەگەن و ناشزانن، یان ژیری و زانست و تواناکانیان لەو ئاستەدا نییە کە تێبگەن، کە ئەوان لە سەر زەوییەک دەژین کە پێنج ملیارد مرۆڤی لە سەر دەژی و ئەم زەوییە هێند لە شارۆچکەکەی ئەوان گەورەترە کە بە بیرەوریشیاندا نایەت، بەڵام ئێمەی مرۆڤ ئاگامان لە شارۆچکە و لانیکەم بەشێکی زۆر لە قاعیدە و شێوەی ژیانی مێروولەکانە و ئەوانیش نازانن کە ئێمە ئەوەندە لە سەر

ئەوان دەزانین! لەو تێڕوانینەی نیچەوە کە دەڵێت تەنیا زەوینی بیر بکەنەوە و باوەڕ بەو کەسانە مەکەن کە باسی هیوایەکتان لە دەرەوەی زەوییی، یان لە ئاسمانەکان بۆ دەکەن، وەک ئەوە وایە کە مێرووولەیەک بیێتە نیچەی مێرولەکان و لە ناو شارەکەی خۆیان هەموو شتێکی تەنیا پێ شاری خۆیان و ئەوەندە ڕێگایە بێت کە سەرباز و کرێکارەکانیان ڕۆژانە و شەوانە بۆ کۆکردنەوەی ئازووقە دەگەڕێن و نیچەی مێرووولەکان پێیانبڵێت کە باوەڕ بەوە مەکەن کە لە دەرەوەیە، ئەوەندەی کە ئێمە دەگەڕێین بۆ دۆزینەوە و کۆکردنەوەی ئازووقە، لەوەش گەورەتر هەبێت و پێیانبڵێت، ئەگەر کەسێک باسی شتی لەوە گەورەتر، یان هیوایەتێکی لەم چەشنەی بۆ



کردن، باوەڕی پێمەکەن و تەنیا زەوینی یان بە قەدەر شارە مێرووەکەی خۆتان بیر بکەنەوە و هەموو ئەوانیتر وەهم و گومان و خەیاڵن و باوەڕیان پێمەکەن. ئەمە لە کاتێکدا ئێمەی مرۆڤ دەزانین کە لە شارە مێرووەکەی مێرولەکان، گەورەتریش هەیە و ئەویش زەوی و ئاسمان و خۆر و ئەستێرەکان و مانگ و مارس و زۆر شتی دیکەشن کە بە شێوەیەکی گشتی پێیاندەڵێین گەردوون، کە تا ئێستاش ژیری و هزر و زانستی مرۆڤ بە گەورەییەکەی و هەموو وڵامەکانی لە مەڕ گەردوون نەگەیوە و هێشتا بە ملیۆن ئەستێرە هەن کە بە ملیۆن ساڵی نووری لە زەوییەوە دورن و لە دوور دەستەکانەوەن و، هێشتا ئێمەی مرۆڤ، لەم گەورەییە و لەم ڕاز و نهێنییە نەگەیوین و هێشتا نازانین پاش مردن چیمان بەسەر دێت، ئایا دەمرین و تەواو و وەک ماتێریالیستەکان دەڵێن مادە بووین و دەبینەوە بە مادە و خۆڵ بووین و دەبینەوە بە خۆڵ، یان ئەوەی کە ئاینەکان دەڵێن، لە پاش مردن ڕۆح زیندووە و دەچینە دادگەی ئیلاهی لە حەوتەمین نهۆمی ئاسمان و پاشانیش ڕۆحەکانمان بە سەر بەهەشت یان جەهەندەم، یان تاریکەسەلاتدا دابەشدەکرێن؟!! بۆیە من کەوتوومەتە دۆخی سەرلێشێواوییەوە، چۆنکە دەزانم کە ئەم زانیارییەی کە مرۆڤ لەمەڕ بوون و نەبوون هەیەتی، هەموو ئەو ڕاستینەیە نیە کە دەشێت بوونی هەبێت. چۆنکە ئێمە تەنیا هێندە زانیاریمان لەمەڕ گەردوون هەیە، بە منداڵەکانمان یا ڕێڕەوانمان بڵێین کە ئەمە هەمووی ڕاستییەکەیە و لەمە زیاتر بوونی نییە و مرۆڤ تاقەبوونەوەری ژیرە لە هەموو ئاسمان و گەردوون، یان پێیبڵێین خودایەک هەیە کە ئێمەی هێناوەتە بوون و دەشمان مرێنێت و ژیان و مان و نەمانمان بە دەست ئەوە و لە دوارۆژدا لێپرسینەوە لە ڕۆحمان دەکات! بۆیە من دەڵێم، کێ ناڵێت وەک چۆن ئێمە لە شاری مێرووولەکان و ژیانی گیانلەبەران و ئاژەڵەکانی دیکەی سەر زەوی دەکۆڵینەوە و شەو و ڕۆژ خوێندنەوەمان هەیە بۆیان و، فیلمی دۆکۆمێنتی لەمەڕ چۆنیتیی ژیان و هەڵسوکەوتییان دورستدەکەین و تەماشای ژیان و هەڵسوڕانیان دەکەین، ئێمەش ئاوا لەبەر

زوومی کامێراگەلێکی دیکەداین و بە خۆمان نازانین و، کێ نالێت کە ئێمەی مرۆڤ شەو و ڕۆژ خوێندنەوەمان لەسەر ناکرێت و فیلمی دۆکۆمێنت لە سەر چۆنێتیی ژیانمان دروست ناکرێت؟ هەروەها کێ نالێت لە سەر ئەوانیش کە لە سەر ئێمە شتدەزانن، هەروەها و هەروەتر خوێندنەوە دەکرێت و لەوانیش ژیرتر یان بەتواناتر هەبێت؟ کەواتە هەر بە ئۆلگووەرگرتن لە **ڕوانگەی** ڕاستینەی نیچە، کە دەڵێت ببینە و ئەوجار باوەڕ بە بوونی بکە، ئێستاش من دەڵێم کە بە پێچەوانەکەی نەزەرییەکەی نیچەش هەر ڕاستە و، هەر چۆن وڵامی ملیۆنان پرسیار لەمەڕ گەردوون و بوون و نەبوون نازانین، کەواتە ناشتوانین ڕەتیان بکەینەوە و، بۆیە با جارێ ئەم پرسیارانە هەر لە **تێرامان و گوماندا** بمێننەوە!! کەواتە نە دەتوانم شوێن بیری نیچە و کارڵ مارکسیش لەمەڕ مەرگی خودا بکەوم و نە دەشتوانم شوێنی ئاینەکان و خوداپەرستی بگرم و جارێکە لەم تاریکەسەلاتی هەبوون و نەبوونەدا دەمێنم، تا بەڵکو پێش لەوەی بممرێنن، زانیارییەکی زیاتر لەمەڕ ئەو پرسیارە بێوڵامانە ببینمەوە. ئەگەریش هەر وا بە نەزانی مردێندرام، دەبێت وەک هەموو پێشینیانم بەرەورووی چارەنووس یا قەزا و قەدەر و یا ئەجەل ببمەوە!

لەبەر ئەم ناڕوونی و نەزانینانەوەیە کە من لە گەڵ ئەو تێڕوانینەی نیچە دەکەومە ململانێ و هەر وەک خۆی دەڵێت کە باوەڕ بە منیش، واتە نیچەش، مەکەن، منیش بە قسەی دەکەم و باوەڕی پێناکەم و سەربەخۆیی هزریی خۆم لەم بوارە زەوینی و دەرەکییە، ئا بەم شێوەی کە لەسەرەوە هێناومەتە بەرباس ڕادەگرم. ئەم مافەش بۆخۆم بە ڕەوا دەزانم کە من ئەمڕۆ ئا بەم شێوەیە بیربکەمەوە و مرۆڤ بە تاقە گیانلەبەری ژیر لە گەردوون نەزانم و پێشموابێت کە ئێمە هەر ئێستاکە خوێندنەوەمان لەسەرە و شرۆڤە دەکرێین! بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەوان کێن؟ ئایا وەک کتێبە ئاسمانییەکان و ئاینە ئیبراهیمییەکان دەڵێن، تاقە خودایەکە کە خالقی هەمو گەردوونە، یان ئەوانیش بۆخۆیان گیانلەبەرانێکی تێگەیشتوتر، ژیرتر و ڕەنگە بە قەوارە گەورەتریش لە ئێمەی مرۆڤ بن، یان نەبن؟ یان خۆ نا ئەوانیش بوونیان هەیە، بەڵام ئەوانیش وەک ئێمە نازانن کە گیانلەبەری دیکەش بوونیان هەیە! ئەمانە هەموویان کۆمەڵە پرسگرێکن کە تەنیا داهاتوو دەتوانێت وڵامیان پێبداتەوە و تا ئێمەی مرۆڤ بەو ڕاستیانەی کە هەن، دەگەین، ئێمە و ڕەنگە دوو وەچی دوای ئێمەش بەو ڕاستیانە نەگەن، یان ڕەنگە زەوی لە گەردوون لە نەکاو

تووشی گرفت و کێشە ببێت و مرۆڤایەتی نەمێنێت، و بەو ڕاستییە هەر نەگەین! ڕەنگە زەوی لە خۆر نیزیک ببێتەوە و هەمووی بە گیانلەبەرەکانیەوە بسووتێت، یا بە پێچەوانە لە خۆر دوور بکەوێتەوە و تووشی سەهۆڵبەندان ببێت و کۆتایی بە ژیان لە سەر زەوی بێت، یان نا ئەستێرەیەکی گەورەتر لەم زەوییەی خۆمان، خۆیمان پێدا بکێشێت و ... وادیارە فیلمەکانی هۆلیوود هەمووی لە ڕووی ئەم گریمانانەوە دروستدەکرێن. بەڵام هەر چییەک بێت، ئێستا ئێمە دەژین و لەسەر زەوین و لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر کێشەی عاتیفی، ئابووری و مادی، ئەخلاقی و زۆرداری و داگیرکاری و سیاسی و زۆری دیکە بەرەورووین و هێندە نووقمی ئەوەین کە تووش ئازار نەبین و لە خۆشگوزەرانیدا بژین کە بیر لە زۆر گومان و خەیاڵی لەو چەشنانەی لە سەرەوە باسم کرد ناکەینەوە و ڕەنگە هەر ئەوەش باشتر بێت کە سەرقاڵ بین بە خۆمان و گرفتەکانمانەوە! ئەگەر چی نیچە لەمبارەشەوە دەڵێت، ژیان بە بێ کێشە و ناخۆشی و ئازار، هێندە وەکیەک و یەکرەنگ و ناخۆشە کە مرۆڤەکان هەموویان وەڕەز دەبن لە خۆشیدا، بۆیە بۆ ئەوەی تامی خۆشی بزانین، دەبێت ناخۆشیش بچێژین و دەبێت لە ناخۆشی نەترسین و ترس لە خۆمان دوور ڕاگرین. لە ناخۆشی نەترسین بەو مانایە نییە کە ئەگەر مافمان پێشێلکرا، بڵێین لەم بیمافکرانەم ناترسم و بێدەنگ دەبم، نا لەم حاڵەتەدا دەبێت بەرگری لە خۆمان بکەین و ئەمجار لە بەرگری و خەبات بۆ مافەکانمان نەترسین!! لە هەر دوک حاڵەتەکەدا جێگەی ترس دیارە کە دەبێت لە خۆمانی دوور بکەینەوە، چونکە ژیان بە ترس و لەرزەوە پووشێک نرخی نییە و نیچەش هەر بەم شێوەیە بیری دەکردەوە، بۆیە دەیوت نرخی سەربەستیی بە مردنیش هەرزانە! کە واتە با لە مردن و لە تاڵییەکانی ژیان نەترسین و ئەگەر دیمان لە شوێنێک سەربەست نین، بۆ سەربەستیمان تێ بکۆشین و پێویستە تا ئەو ڕۆژەی لە ژیانداین لە گەڵ ئەوەدا کە لە ترسدا ناژین، هەرگیزیش ژیانی ڕەزالەت و ژێردەستەبوون قەبوڵ ناکەین!

**٢٠ی سەرماوەزی ٢٧٠٩**

**ئەو سەرچاوانەی کەڵکم لێوەرگرتوون:**

* **ئینتێرنێت**
* **شوناس و ئاڵۆزی، لە نووسینی بەڕێز مەریوان وریا قانیع، نووسەری بە توانای کورد، لە وتاری نیتشەدا**

# وتاری شێخ محەمەدی موفتی، سووکایەتییەك بۆ سەرجەم کەمایەتییە ئاینییەکانی کوردستان

**عەلی مەحموود محەممەد**



ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو خوتبەیە کە **مامۆستا شێخ محەمەدی موفتی** لە مزگەوتی جامعەی شاری هەڵەبجە پێشکێشی کرد وەک نارەزایەتییەک بەرامبەر بە دانانی **بەرێز پارێزەر کاک گۆران ئەدهەم وەک قایمقامی شاری هەڵەبجە**. لە هەر وڵاتێک کاتێک دەستوور نەبێت و بریاری کەس و پیاوانی ئاینی، جێگەی دەستوور و یاسا بگرێتەوە، بە ئارەزووی خۆیان خەڵک بە بێدین و لەدین هەڵگەڕاوە بدەنە قەڵەم، ئەوە مافی هاووڵاتی بوون پێشێڵدەکرێت و وڵات بەرەو چارەنووسێکی نادیارو رەش دەبردرێت، نموونەش لەو بوارەدا زۆرە و تاقیکردنەوەکانیش تاڵ و ماڵوێرانکەرن.

**وەک لە وتارەکەدا دەبینین مامۆستا، مافی کاکەیی و ئێزیدی و کریستانەکانی کوردستان پێشێلدەکات. لەوەش زیاتر کەمترین پۆستیان پێ رەوا نابینێت و وەک ئەهلی زمە سەیریان دەکات، لە کاتێکدا بە پێی یاسا هەموو هاوولاتییەکی دانیشتووی ئەم هەرێمە مافی خۆ کاندیدکردنی بۆ هەر پۆستێکی ئیداری هەیە لە کوردستان بە سەرۆکایەتی هەرێمیشەوە.**

ئەمە سەرەتای تاقیکردنەوەیە بۆ پاراستنی مافی کەمایەتییە ئاینییەکانی کوردستان لە ئەزموونی مافی هاووڵاتی بوون. پێویستە تەواوی رەوتە ئاینییەکان هەڵوێستی خۆیان رونبکەنەوە لە ئاست ئەم دۆسیە هەستیارە و، تەنیا پێوەند نییە بە وەرگرتنی پۆستێکی ئیداری لە لایەن کاک گۆران ئەدهەمەوە، بەڵکو پێوەستە بە پارێزگاریکردن لەمافی هاوولاتیبوونی سەرجەم پێکهاتە ئاینییەکان کوردستان.

من لێرەوە داوا لە کاک گۆران دەکەم کە تەنیا لە رێگەی هەڵبژاردنێکی ئازاد و سەربەخۆوە نەبێت، ئەو پۆستە قەبوڵ نەکات و رەتی بکاتەوە بۆ دەسەڵاتداریتی سیاسیی کورد. مافی خەڵکی هەڵەبجە و هەر شار و شارۆچکەیەکی کوردستانە بەرپرسانی ئیداری خۆیان ئازادانە هەڵبژێرن.

لە خوارەوە دەقی وتارەکەی مامۆستا بخوێننەوە:

## وتاری شێخ محمەدی مفتی مزگەوتی جامعە هەڵەبجەی شەهید ٢٠٠٩/١٢/٢٥

**ئەوەی کە جێی نیگەرانییە و داخە، بیستومانە وەکو لە زاری خەڵکەوە زۆر پێوەندییان پێوەکردووین بە هەموو مزگەوتەکانەوە کە گوایە هاوارییەک دادەنرێت بۆ سەرگەورەی شارێکی ٤٨ مزگەوت، شارێکی گەورەی ٥٠٠٠ کەس کە شەهید بوبێت لێی، ٥٠٠٠ کەسی سوجدەی بردبێت بۆ خوا بۆچی دەبێت ئێمە خۆ کاندیدێکمان بەدەست نییە بڵێین ئەوە نەبێت با ئەمە بێت هەتا خەڵکی وا گومان بەرێت کە ئێمە گوایە ئەوەی خۆمان دەوێت یان کەس و کارەکەیان عەشرەتەکەیان فڵانییە، بەڵام ئێمە دەڵێین با یەکێکی هەڵەبجەیی بێت. یەکێک بێت لەوانەی کە لە کوردایەتی و شۆڕش و لە ئینسانیەت و لە ئەخلاقدا دەستی هەبێت. یەکێک بێت لەوانەی کە خەڵکی بناسێت و یەکێک بێت**

لەوانەی کەلە نارەحەتییەکانی هەڵەبجە بەشداری کردبێت. ئاوێکی لە هەڵەبجە خواردبێتەوە و خەڵکەکەی بناسێت و بنەماڵەکانی بزانێ کێیە و عەشیرەتەکان بزانێ کێیە. کۆڵانەکان پیایا گەڕابێت نەک خەڵکێک کەوا دانرابێت و بەتایبەتیش هیچ ئیحتەرامێک دانەنرێت بۆ ٤٨ مزگەوت ئەگەر ٤٨ مزگەوت لە جمعە و جەماعەت لە هەڵەبجە دەرکرێت، ئیتر کێی تێدا دەمێنێتەوە و دەبێت رێزی لێبگیرێت و لەبەر ئەوە ئێمە پێمان ناخۆشە و ئێمە داوادەکەین لەوانەی کە بەدەستیانە و، بەمەیش نەکافر دەبین و نەدەڕۆینە دەرەوە لە مافێکی قانونی. دەڵێین ئەمەمان پێناخۆشە، دەڵێین با ئەمە ئاوانەبێت، ئاوا بێت. کابرایەکی ئیحترامیان لێگیراوە چەند ساڵە لە شاری هەڵەبجەدان ڕۆژەکانی احتفالیان لە تەعزیەکانیان موسڵمان بەشداریان کردوون ئەوانیش بەشداری ئەمانیان کردووە، کەسێک خوێنێک نەڕژاوە لە بەینیان ئەمە بەم شێوەیە بەم شێوە بمێنێتەوە، نەک بکرێت بە والی بە حاکم بەسەر هەڵەبجەوە. قەیناکە زۆربەی دائیرەکان کە ئێستا کە تێیکەوتووە ئەو خەستەخانەی ئەولا خەریکە پڕ دەبێت لە هاواری و ئەوە مدیری مەکتەبەکان خەریکە پڕ دەبێت و ئەوە دائیرەکانی کەش وردە وردە تێیاندەکەوێت، بەڵام ڕەئیسی وەحدەی ئیداریش بۆ بدرێت بۆ ئەو کەسەیە، ئایا هەڵەبجە ئیحتراف بکرێت بڵێین خاڵییە لە پیاو کەسی تێدا نییە بۆ ئەوە ناشێت کەسی لێهەڵبژێرێت، ئەی خەڵک بۆچی خزمەتی بکرێت، هەڵەبجە ئەگەر کەسی تیانەماوە، ئەگەر ئیعتراف بکرێت بڵێن پیاوی تێدا نەماوە یەکێک بێت بێتەوە لە بەغداوە با ئەم یەکە بۆتان خزمەت بکات، ئاخر بۆچی لەبەر ئەوەی ئێمە هیچ شتێکی شەخصی نییە لە وەزعەکە ئەوخەڵکە زۆرە کە پێوەندی و نیگەرانی و ناخۆشییان دەربڕیوە بەرامبەر بەوەی کە قائیمقامێکی هاواری بێت بە گەورەی هەڵەبجە.

هەڵەبجە عەقیدەیەکی هەیە هەڵەبجە ٤٨ مزگەوتی تێدایە ٤٧ یان پێش کیمیاوییەکە دروست کراون یانی ئەوە نەبێت دەستی کۆمەڵێکی تێدانەبێت بڵێن ئەوە دەستێکی حزبێکی ئیسلامییە، یان حزبێکی فلان یان فیسارە، ئەمەی دروست کردووە هەموو مزگەوتەکان دەست باوباپیرە و خەڵکێکی زۆر لە هەڵەبجەوە بە عەقیدەوە هاتوەتە پێشەوە لەبەر ئەوە دەبێت عەقیدەی ئەو هەڵەبجەییە بپارێزرێت و ئەقیدەی ئەو هەڵەبجەیەش ئەو دینە ئەو خەڵکەیە کۆ دەبێتەوە ئەو مەراسیمەیە ئەو شیعارەیە. ئێرە عەینکاوا نییە، شەقلاوا نییە، تەنیا دوو مزگەوتی تێدابێت. دەبێت ئەو گوێی بۆ بگیرێت، ئەمە ڕاز و نیازی دڵی خەڵکە، ئێمەش بەرزی دەکەینەوە. ئایا بە گوێی دەکرێت یان ناکرێت، ئەوە دەکەوێتە سەر ئەو دێمۆکراتییەی ئەمڕۆ، بزانین چۆن دەبێت سەپاندنە هەر لەم ڕۆژانە لەم شەوانە خۆتان بینیتان لە تەلەفزیوندا لە شاری دووزخوماتوو، وابزانم قائیمقامێکیان دانا خەڵکی عەشائیرەکە، پیاوچاکەکان و پیاوماقووڵان هەموویان کۆبوونەوە و وتیان فڵانکەس قائیمقامانە و کۆبوونەوە لەسەر یەک دەنگ ئەوە بوو تەلەفزیۆنەکانیش نقڵیان کردو بە فەخرەوە گواستیانەوە و دەیانوت فڵان شار قائیمقامیان بۆ خۆیان هەڵبژارد. بۆ هەڵەبجەش وانەبێت؟ (د.بەرهەم) هات لە مۆنۆمێنتەکە بەڵێنیدا بە هەڵەبجە خەڵکێکی زۆر ئێستا لەم شوێنەش دانیشتوون، دەزانن، وتی هەڵەبجەیی خۆیان قائیمقام بۆخۆیان دیار ی بکەن ئێمە دەستکارییان ناکەین و حەقمان نییە بەسەرەوە، ئێ بۆ ئێستا خەڵکێک دابنرێت و هەڵەبجە ئاگای لێنەبێت، یان بڵێن یەک کەس لە هەڵەبجەوە چووە و پێشنیازی کردووە و ئیتر باقیەکەی ئاگادار نەبێت، چۆنکە ئەو کەسە دەبێت بە سەرۆکی وەحدەی ئیداری یانی گەورەی تۆیە، تۆ قبوڵی دەکەیت لەشەرعدا گەورەی خۆت گەورەی خۆت مورتەدبێت یان هاواری بێت، یان یەکێک بێت لەم شێوانە ئێمە رێزی موتابەدەل هەیە لەگەڵ هەموو چین و توێژەکان پێغەمبەری خوا "صلات و سەلامی خوای لەسەر بێت"، فێری کردوین کە چووەتە مەدینە عەقدی بەستووە لەگەڵ یەهودا لەگەڵ ئەنصاردا لەگەڵ گاوردا نەیفەرمووە کە وا ئێوە گەورە و پێشەوا بن، فەرمویەتی بژین و یەک کەس ناتوانێت دەستان بۆ بەرێت. ئێمەیش هەروا دەڵێین، هاواری بژی یەزیدی بژی نەک بڵێین ئیتر هاواری لە هەڵەبجە هەموو شتێکی بەدەست بێت، یەزیدی لە دهۆک هەرچی شتە لە دەستیدا بێت مەسیحی لە هەولێردا هەرچی شتە لەدەستی دابێت، ئەوی باشە موسڵمانە، ئەم دوو ملیۆن موسڵمانە لە کوردستان ئەی باشە (٤٠٠ - ٥٠٠) مزگەوت لە کوردستاندا سوجدە دەبات بۆ خوا ئەی نابێت ئیحترامی ئەمانە بگیرێت.

وڵاتی هیندیستان لە ساڵانی ڕابردوودا، خۆتان دەزانن ئاگاتان لێیە کە گاندی ڕەئیس وزارە بوو ئافرەتێک بوو چەند دکتۆرای هەبوو کابرایەک بوو چەند دکتۆرای هەبوو یاعنی دەزانێت کامە میکرۆبە و کامە پیسە، کامە بەکتریای پێوەیە، بەڵام لەبەر عەقیدەی شەعبەکە تەشتێ شیاکەی هێنا لەسەر مێزەکە داینا پێش ئەوەی دەست بکات بە خوتبە پەنجەی بە شیاکەکەوە سووی بەناوچاوی خۆی. یەعنی من عەقیدەم لەسەر عەقیدەی ئێوەیە خەڵکەکە، یەعنی بۆ عەیب بێت کە گەورەیان خەڵکان بڵێن ئێمە عەقیدەمان لەسەر عەقیدەی ئێوەیە خەڵکەکە چوار ملیۆن کەس سوجدە دەبات، ئێ ئەوا کۆمەڵێکی کەم بوو یەزیدی کۆمەڵێکی کەم هاواری لەشەوانی هیجرەتدا هەر سەیری تەلەفزیۆنەکانم دەکرد هەرباسی یەزیدی بوو ماوەیەکی تریش هەرباسی هاواری دەبێت کەواتە موسڵمان کوا؟ دیمووکراتیەت کوا؟ شت لەبەر ئەوە ئەمە باسی دەکەین پێناخۆشی بوونە دەری دەبڕین.

# تاكەی كورد، دەبێ بۆ ڕزگاربوونی، چاوەڕوانی هێزی دەرەكیی بێت!؟

ڕێبوار نەڵاسی



بەلجیكا:
١٧ی خەزەڵوەری ٢٧٠٩ی ك
rebwari_serbexoi @ hotmail.com

**هەر** كات چەوسانەوە هەبێت، بێگومان بۆ بنبڕكردن و لە نێوبردنیشی، هەوڵی كەسانێكیش هەر دەبێت كە زۆرجار لە ڕەوتی مێژوودا، بیندراوە و تاقیكراوەتەوە. لەم جیهانەی كە تێیدادەژین، ئێستاش شاهیدی چەوسانەوەی زۆر لە تاكەكەس و گەل و نەتەوەكانین، كە نەتەوەی كوردمان بە خەباتی لەمێژینەشی، بەداخەوە هەروا لە پلەی یەكەمی چەوسانەوەدایە. هەر چەند كەم نین ئەو ڕۆڵە كوردانەی كە لە پێناوی وەدەستهێنانی مافی دیاریكردنی چارەنووس بۆ نەتەوەكەیان و یان تەنانەت لە بەر زەوتكردنی سەرەتاییترین مافی مرۆڤی لە لایەن داگیركەرانییەوە، بە نرخترین سەرمایەیان، واتە گیانیان بەختكردووە و ئێستاش ئەو كاروانە، بە هەزاران ڕێبواری ڕێگەی ڕزگاریی كوردستان بەرێوەیە و لەو پێناوەشدا، بە هەزاران تێكۆشەریش دەربەدەر و پەناخوازی وڵاتانی هەندەران. بەڵام بارودۆخی ئێستای كورد زۆر لەبار و گونجاوترە لە چاو ساڵانی ڕابردوو، كێشەكەشی لەچوارچێوەی ناوچە و هەرێمایەتیدا نەماوە، لە گەڵ ئەوەشدا كە هەڵوێست و ڕوانگەی گشتی جیهانی بە هۆی بەرژەوەندی و دۆستایەتی وڵاتەكانیان لە گەڵ وڵاتانی داگیركەردا، قازانج و پاڵەپشتێكی ئەوتۆ بۆ سەربەخۆخوازانی كورد نییە كە بە هەلبزاندرێت و بقۆزرێتەوە بەڵام بەكارهێنانی وزەو توانای ڕۆڵەكانی نەتەوەكەمان بە مەرجێك كە لە لایەن ڕێبەرایەتیەكی یەكگرتوو و سەربەخۆخوازەوە پێشەنگی بكرێت زۆر زۆر بەهێز و كاریگەرتر دەبێت، لە وەی كە تاكوو ئێستا كردوومانە و بەدەستمان هێناوە. لە كاتێكدا كە ئێستا بەشێكی زۆری ڕێكخراوەكانی كوردستان، لە ئاست بابەتە گرینگ و نەتەوییەكان بێهەڵوێست و دەستەوەستانن و چاوەڕێی پەریەكی ڕزگارین، كە بێت، یەكەم خۆیان، دووهەم گەلەكەشمان ڕزگار بكات و بە لووتكەی سەربەستیمان بگەیەنێت یەكێك لەو پەری ڕزگاریانە!! كە بەداخەوە كۆمەڵێكی زۆر لە كەسایەتی و بەرپرس و حیزبەكانی كوردستان چاویان تێبریوە، ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكایە، كە ئەویش دوای ئەو هەموو ماڵوێرانكاری و قووربانیدانەی كە بەسەر نەتەوەكەماندا هات، بۆ مەبەستی تایبەتیی خۆی حەزی بە دۆستایەتی لە گەڵ كورد كرد، ئەویش لە چوارچێوەی دروستكردنی بە (وتەی خۆیان) عێراقێكی دیموكراتدا، كە بە پێی سنووری دەستكردی عێراق ، باشووری كوردستانیشی گرتەوە، نەک وەک پشتیوانیكردن لە نەتەوەی مافخوراوی كورد! چونكە بە ڕای من ئەمریكا، وەک كێشەیەكی (هاوڵاتی) دەڕوانێتە مەسەلەی كورد لە ژێر داگیركاری توركیە و ئێران و عێراق و سوریە و هتد...

بەڵام چۆن دەتوانین پێناسەیەكی كورتی حكوومەتی ئەمریكا بكەین لە گەڵماندا ؟ لە ڕوانگەی منێكی تاكی كورد، ئەمریكا وڵاتێكی زلهێزی گۆڕەپانی ئەمڕۆی جیهانە، كە هەم لە ڕابردوودا و هەم ئێستاش، دەستتێوەردان و شوێنەوارێكی زۆری لە سەر چارەنووسی گەلان و كێشەی وڵاتاندا هەبووە و هەیە هاوكات بەرژەوەندی حكومەتی ئەمریكا ، هۆكارێكی سەرەكیش بووە لە هێشتنەوەی گەلانی مافخوراو لە چەوسانەوەدا و نەبینینی كێشە ڕەواكانیان، كێشەی نەتەوایەتی كوردیش ، كە یەكێك لە كێشە هەرە گرینگەكانی ئەمڕۆی جیهان بە گشتی و خۆرهەڵاتی ناڤینە بە تایبەتی، كە وڵاتان و بەتایبەتی ئەمریكا وەک هێزێكی كاریگەر، بە لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەكانی، خۆی لە ئاستی نەهامەتی و ئازارەكانی نەتەوەی كورد بێدەنگ كردووە! بۆیە وەک زلهێزێک، ئامادە نییە هیچ هەنگاوێک بۆ چارەسەری بنەڕەتیی كێشەی نەتەوایەتیی كورد هەڵبنێت، گەرچی ئەمریكا لە ڕابردوودا، هەڵوێستی باشی بە نیسبەت ئێمەی كوردەوە نەبووە!

بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئێستا کە هەلی دۆستایەتی زیاتر له ڕابردوو له بارتره، پێویسته ئێمەی کوردیش به له بەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە نەتەوەیە کانمان، هەڵسوکەوت له گەڵ حکومەتی ئەمریکا و هتد.. بکەین و، هەلی خۆمان بقۆزینەوە. هەر چەند که ئەو بارودۆخەی بۆ نەتەوەکەمان له باشووری وڵاتدا، له دوای ساڵی ١٩٩١ بەگشتی و له دوای ساڵی ٢٠٠٣ وە بەتایبەتی هاتبووە ئاراوە، قۆناغێکی زۆر لەبار و گونجاو بوو که دەسەڵاتدارانی کورد به هەلی بزانن وهەوڵ بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆ بدەن. کە چی بەداخەوە، نەبوونی یەکهەڵوێستی و لاوازیی بیری سەربەخۆیی لای دەسەڵاتدارانی کورد و نەقۆستنەوەی هەلی دۆستایەتی له گەڵ ئەمریکا، له پێناو چارەسەی بنەڕەتیی کێشەی نەتەوایەتیی کورد، بۆ کورد به گشتی و بۆ باشووری وڵات به تایبەتی، قۆناغێکی هێنایە ئاراوە کە کورد سەر لەنوێ دەبێ له سەرەتاوە دانیشتن و وتووێژ دەست پێبکاتەوە، بۆ سەلماندن و وەدەستهێنانی تەنانەت مافە سرووشتیەکانیشی، له گەڵ ئەو کەسانەی کە تاکو دوێنێ هەر به یارمەتی دەستەڵاتدارانی کورد، هێندرانە سەر کورسیی دەسەڵات و ناوی سەرۆک و وەزیریان لێنرا. ئەوەتا ئەوانیش هەر کە جێپێیان قایم کرد و هێندێک بەهێز بوون، هەستە فاشییەکیان بزوێندرا و دەستیانکرد به دژایەتیکردنی کورد، تەنانەت بەشێکی زۆریشیان له بواری بیروهەڵوێستەوە، هیچ جیاوازییەکیان له گەڵ دەسەڵاتدارانی ڕژێمی پێشوودا نەبووە و نییە، هەر کاتێکیش کە بیانەوێت، گەلەکۆمەی دژایەتیی له کورد دەکەن.

## خەڵەف غەفوور

**تێبینی!** ئەم وتاره لەپێشدا له ڕۆژنامەی "زەنگ" بڵاوکراوەتەوە، پاشان نێردراوە بۆ گۆڤاری "کۆنگرە"

# یەکێتی و پارتی، مەترسین لەسەر کەرکووک

سەردەمانێکه، یەژین بەهۆی تەماعی عەرەب و پرۆژەی بیانی له پشت تورکمانەوە، دۆخی چەوساندنەوە و پەراوێزخراوی له کەرکوک درێژەی هەیە، زۆرجاران لەمەدا زیادەڕۆییمان دەکرد و چەندین بەیت و باڵۆرەی سەیروسەمەرەمان ڕێکدەخست .ئەی ئێستا چی که بەدەستی خۆمان دەمانەوێت یەکریزی هێزە سیاسییە کوردییەکانی کەرکووک بشیوێنین و ببینە مەترسی ڕاستەقینە. کێ لەپشت ئەم کارەوەیە؟

بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق (کانوونی دووەمی ٢٠١٠) زۆرێک له لایەنە سیاسییە کوردییەکانی کەرکوک بڕیاریانداوە بەلیستی جیا بەشداری بکەن، ئەمە بۆ کاتێک کەرکوک و عیراق کێشەی ناوخۆیی و مەترسی شەڕی تایفی و گەڕانەوەی دیکتاتۆریەتی لەسەر نەبوایە و پرۆسەی دیمۆکراسی گەشە کردوو بووایە، شتێکی تەواو ئاسایی بوو، بگرە زۆر باش بوو بەم شێوەیە کورد ململانێی سیاسی بکردایە و کارەکتەری سەرەکی نێو پرۆسەکە بووایە، بەڵام ئێستا چی کە بەیەک لیستی و برایەتی نێوان هێزەکانیشەوە دەرەقەتی عەرەبێکی دە هەزاری و برایەکی تورکمان نایەین؟

مەترسییەکانی سەر کەرکوک دوو جۆرن، یەکەمیان: مەترسی عەرەب و تورکمانەکان و ئەجێندای ئیقلیمی و ساردی ئەمریکا لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراقەوە بۆ چارەسەرکردنی. دووەم: مەترسی کورد خۆی ئەویش بریتییە لەوەی ڕازیبن لەسەر دابەشکاری هێزی کوردی لەوێندەر و ئەو سیاسەتە نادروستەی هێزە کوردییەکان لەماوەی ڕابردوودا پێڕەویان کردووە.

ئەم بەرپرسیارێتیە پێش هەموو کەس له ئەستۆی یەکێتی و پارتییە، چونکە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا ئەوان بەرپرسیاری ڕاستەوخۆی مەلەفی کەرکوک بوون و هەموو ئەو سازشانەی کراوە ئەوان بەرپرسیارن لێی. چما هەموو نازانین زۆر هەرەشەیانکرد و هیچیان نەکرد. زۆر سنوور و هێڵی سووریان دانا و بەزێنرا و خۆیان لێ تێنەگەیاند.

یەکێتی و پارتی مەترسین لەسەر کەرکوک، ئەوان دەبێت ڕێ له دابەشبوونی هێزە کوردییەکان بگرن و سازشیان بۆ بکەن. پێویستە ئاشتیان بکەنەوە، دەبێت ئەو پۆستانەی لەسەر ئەوان تاپۆ کراوە وازی لێبێنن و نەوەیەکی تری سیاسی بەرپۆوەی ببات. وەک باسدەکرێت یەکێتی و پارتی خودی خۆشیان بەنیازن بەجیا بەشداری هەڵبژاردنەکە بکەن، ئەوە گۆڕان لەولاوە بوەستێ کە لەدەرەنجامی شکستی نوێنەرانی لیستی برایەتی کەرکوک دەیانەوێت ئەم تورەیە بۆ ئەوان بێت.

**یەکێتی و پارتی دەبێت بڕوا بەوە بکەن برادەرێکی یەکگرتوو ببێتە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک له برادەرێکی بەرەی تورکمانی باشترە. سازشکردن بۆ گۆڕان له عەشایەری عەرەب و برا تورکمانەکان شانازیترە. دابەشکاری ئەمجارە له کەرکوک له ئەستۆی یەکێتی و پارتییە، پێویستە بەهەر نرخێک بێت ڕێگری لێبکەن، دەنا مێژوو ئەم کارە چەوتە لەبیر ناکات.**

# داخستنی DTP لەلایەن رژێمی تورکیاوە، خەباتی رزگاریخوازیی کورد لە باکوور بەهێزتر دەکات!



**هاونیشتمانانی بەڕێز!**
**نەتەوەی خۆڕاگر و قارەمانی کورد!**

هەروەک ئاگادارن، پاش ئەوەی سوپای تورکیا لەبەرامبەر شەرڤانانی پ کە ک لەماوەی چەند ساڵی رابوردوودا بەرەورووی شکستی یەک لەدوابیەک هات و، پاش ئەوەی پارتی کۆمەڵگەی دیمۆکراتی لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا، کاربەدەستانی رژێمی رەگەزپەرستی تورکیا، کە سیستەمی دەسەڵاتداریتییان لەسەر بناخەی پێشلکاری و بێڕیزی و تووناکردنی نەتەوەی کورد دامەزراوە، بە نیازی پێشگرتن لە خەباتی گەلی کورد لە باکووری کوردستان، کەوتنە پیلانگێریی بۆ تێکدانی یەکێتیی نێوان سەرکردەیەتیی بزووتنەوەی باکوور لە شار و لە شاخ. بەڵام لەسایی هۆشیاری سیاسی و بیروباوەڕی نەتەوەییی سەرۆکایەتیی بزاڤی گەلەکەمان لە باکووری کوردستان، بە یەکگرتوویی بێوێنە و ئەنجامدانی خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی و بەڕیوەبردنی راپەرینی بەردەوامی جەماوەرییەوە، هەموو هەوڵ و پیلانەکانی رژێمی تورکیایان پووچەڵ کردەوە. ئەوە بوو کاربەدەستانی تورک، وەک دوا رێچارە، بڕیاری داخستنی DTP و، هێرش بۆ سەر کوردانیان دەرکرد.

**هاونیشتمانانی هێژا!**

جارێکی دیکە سیاسەتی شەڕخوازانەی رژێمی داگیرکەری تورک بەرەورووی گەلەکەمان بووەتەوە. جارێکی دیکە و، لە سەرەتای هەزارەی سێی زایینی، لەبەر چاوی دنیای ئازاددا، فاشیستەکانی تورک، بە چەک و دار و باتۆم و، ماشینی جەنگییەوە هێرش دەکەنە سەر ژن و منداڵ و پیرولاوی کورد. ئەگەر جەماوەری گەلەکەمان و سەرۆکایەتییەکەی لە باکوور، بتوان تەبای و یەکگرتووی و یەکریزیی بزووتنەوەکە بپارێزن، ئەوا بێگومان ئەم قۆناخەش بەسەرکەوتوویییەوە تێپەڕدەکرێ و، ئاسۆی خەبات و بەرخۆدان رۆناکتر دەبێت.

رژێمی داگیرکەری تورکیا، لەو راستینەیە تێگەیوە، **سەردەمی راپەرینەکانی شێخ سەعیدی پیران و، ئیحسان نووری پاشا و سەید رەزای دەرسیم بەسەر چووە، کە بتوانێ بە سەدان هەزار کورد قوڵاچۆ بکا و بە ملیۆن کوردی دیکەش لەسەر زێدی خۆی راماڵێ و، لە سەر چیای ئاگریی گۆڕ بۆ نێوی کوردستان ساز بکات!** هێرشی دەزگەی **"میت"** و بەکرێگیراوانی چەقۆوەشێن و بکوژی و سوپای دڕندەشی ناتوان پێش لە راپەرینی گەلی کورد بگرن کە لە داهاتوویەکی نیزیکدا بەوێنەی لافاو و ئەرخەوانەسوورێکی بەهێز، ئاسەواری نگریسیان لە سەر خاکی پیرۆزی نیشتمان رادەماڵێت.

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، سیاسەتی رەگەزپەرستانەی رژێمی تورکیا سەبارەت بە نەتەوەی کورد شەرمەزار دەکات. هاوکات، داوا لە تێکرای لایەنەکانی سیاسیی کوردستان دەکات، یەکگرتوویی خۆیان بپارێزن و، لە بەرامبەر پیلانی داگیرکەرانی کوردستاندا هەڵوێستی هاوبەش بنوێنن. چونکە، مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنمان بە یەکێتی و تەبایی ریزەکانی گەلەکەمانەوە گرێدراوە.

**سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی نەتەوەی کورد، لەپێناوی رزگاریی یەکجارەکی و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا!**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**
15/12/2009

# ژیان لە ناو حەقایەتێکی جادوییدا

## دانیشتنێک لە گەڵ، یوستاین گۆردر

**سازدانی: سەلاح گوڵئەندامی**

**(بەشی یەکەم)**

**ساڵی ٢٠٠٥ پاش هەشت مانگ چاوەروانیی،** توانیم بە هاوکاری **خاتوو ماریانا** چاوم بە **یوستاین گۆردر** بکەوێ، **ماریانا کچە پوری یوستاین گۆردرە** و ئەگەر زەحمەتەکانی ئەو نەبا بێشک ئەو بەختەم نەدەبوو وەها چاوپێکەوتنێکم بێ، دیتن و قسەکردن لە گەڵ نووسەرێک کە کتێبەکانی بە زۆربەی زمانەکانی دنیا وەرگێڕدراوە و یەکێک لە نووسەرە بە ناوبانگەکانی جیهانە، بۆ من جێگەی خۆشحاڵی بوو، یوستاین گۆردر ئەو نووسەرەیە کە ساڵی ١٩٩١ کتێبی **"دونیای سۆفی"** دایە دەرێ و پتر لە بیست ملیۆن دانەی لێ فرۆشرا و بە زیاتر لە چل و پێنج زمان تەرجومە کراوە، زمانی فەلسەفی سادە بۆ مێرمنداڵ و منداڵان تانوپۆی چیرۆکەکانی دەتنن، پێش ئەوەی بیبینم ئاگاداری کرد بووم کە لە وتووێژی رۆژنامەوانیی بێزارە، هەر بۆیە زۆر دۆستانە و بە شێوەیەکی سادە و خۆمانە ئێمەی بۆ **فراوین (جەمی نیوەڕۆ)** لە هۆتێلێک لە ئوسلۆ بانگێشت کرد، لە چاوپێکەوتنی یەکەمماندا، وەها سادە و ساکار لە گەڵ من هەڵسوکەوتی کرد، دەتگوت ساڵانی ساڵە هاوڕێی یەکین.. ڕەزا سووک و هەتا حەز دەکا سادە و لە بەردڵان، چاوەکانی بێ ئارام و بێ ئۆقرە، وەک منداڵێک کە بۆ یەکەم جار دەروانێتە دونیا، پڕ لە پرسیار و زیندوو و بە تین بوون. لە گەڵ دەستی خۆم نموونە تابلۆیەکی **کاک شۆرشی یوسفی - م** نیشانیدا و داوام لێکرد لە پێشانگەکەدا بەشدار بێت، ئەو تابلۆکەی زۆر بە دڵ بوو و بەڵێنیدا سەردانی پێشانگاکە بکات.. کۆی ئەو چاو پێکەوتنە ٣ دەمژمێری خایاند، بەشێکی بە شێوەی فیلم تۆمار کراوە. لە راستیدا هیچکات بە تەمانەبووم ئەو چاوپێکەوتنە بڵاو بکەمەوە، بەڵام لە سەر داوای چەند دۆستێکی بەڕێزم ئەو کارەم دەستپێکرد. من وەک رۆژنامەنووسێک کە بیهەوێ راپۆرتێک ساز کا، قسەم نەکردووە، بەڵکوو وەک نووسەرێک دیدارێکی ئاساییم هەبووە، هەر بۆیە لە زۆر جێگە یوستاین گۆردریش پرسیاری جۆراوجۆری لە من کردووە، بۆ نموونە داوا لێدەکا لە سەر ئەو کورتە چیرۆکەی خۆم قسە بکەم کە پێشتر یوستاین خوێندبوویەوە، یان پێوندیی دنیای منداڵی و ئەزموونەکانی نووسین و هتد، کە من



لێرەدا باسیم نەکردووە و ئەگەر پێوست بوو لە داهاتوودا ئەو کارە دەکەم و بڵاویدەکەمەوە. لێرەدا بەشێک لە چاو پێکەوتنە دەخەمە بەر دیدی خوێنەران.

**سەلاح: جا با بزانین یوستاین گۆردر بۆ دەنووسێ؟**

**یوستاین گۆردر:** زۆر جار ئەو پرسیارەم لێدەکرێ کە بۆ دەنووسم، کاتێک منداڵێکی دوازدە یان سێزدە ساڵە بووم ئەزموونێکی زۆر بە هێز و قووڵم پەیدا کرد، ژیان لە ناو حەقایەتێکی جادووییدایە. ژیان بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو، رەمزاوی و هەر لەو کاتەشدا کورتە. لە خۆم دەپرسیی: **"ئێمە لە کوێوە هاتووین و ژیان بەرەو کوێ دەروا، ژیان چییە، چۆن جیهان شکڵی گرتووە، ئاخۆ بنەماکانی هەبوون، زانستی لە پشتە، یان کەس بە کس و هەرچی پەرچییە؟ بیرم لە ژیان لە نێو ئەستێرە دورە دەستەکان** دەکردووە". ئێستاش سەرقاڵی هەر ئەو چەشنە پرسیارانەی کاتی منداڵیم و لە خۆم دەپرسم ژیان چیە؟ حەز دەکەم ئەو

ئەزموونەی خۆم کە ژیان چیرۆکێکی جادوییە لە گەڵ خەڵکانی دیدا بەش بکەم. زۆر سادە هۆکاری نووسینم ئەوەیە کە وەک مرۆڤێکی ئاسایی ناژیم و ئێستاش درێژەی پرسیارەکانی سەردەمی منداڵیم لە چیرۆکەکانمان دەدەمەوە. من حەزم زۆر لە ڕێپێوان و کێوبڕینە، زۆر دەچمە ناو سروشت و پیاسە دەکەم، لە کاتی ڕۆیشتندا، هەمیشە سەر قاڵی ئەو پرسیارانەم و لە گەڵ خۆم قسە دەکەم، ئا لەوکاتەدایە زۆر جار یەکەم ترووسکەی چیرۆکەکەم دەروونم ڕووناک دەکا و چیرۆک قەوارە دەگرێ، دواتر دادەنیشم و دەیهێنمە سەر کاغەز

**سەلاح: بۆ وەڵامی پرسیارەکانت ڕوت دەکردە کتێب یان چاوەڕوان دەبووی لە دروونی خۆتەوە وەڵام وەر بگرێ؟**

**یوستاین گۆردر:** من کتێبی جۆرواجۆری ئەدەبی دەخوێنمەوە، هەم نوروێژی هەمیش هی وڵاتانی دیکە، بەڵام لەو دواییانەدا زۆرتر و زۆرتر حەزم لە خوێندنەوەی کتێبی زانستییە، وەک کتێبی فیزیک، یان ئەستێرناسی، ئەوە بە جۆرێک گەران بە دوای وەڵامی پرسیارەکانمە .فیلمیش تەماشا دەکەم

**سەلاح: تا چ ڕادە فیلم شوێنی لە سەر ژیانت داناوە؟**

**یوستاین گۆردر:** ماوەیەک لەوە پێش فیلمێکی کوردیم بینی، **"کاتێک بۆ سەرخۆشی ئەسپەکان"**، زۆرم پێ خۆش بوو، بەڵام فیلمێک کە بە شێوەی مسۆگەر کاری لە سەر ژیانم کردبێ، فیلمەکانی **چارلی چاپلینە**، دەزانی چارلی باسی گەورەترین عەشقەکان و ڕەمز و ڕازی ژیان دەکا، کاتێکیش بۆ ئەوەڵ جار فیلمی **"دونیای سوفی"م** دی، سەیر کاری تێکردم، تەجروبەیەکەی ئێجگار بە نرخ و تازە بوو بۆ من، من چاوم لە فیلمێک دەکرد کە لە ڕاستیدا لە کتێبی من وەرگیرا بوو.

**سەلاح: منیش چەند جار تەماشام کردووە کارێکی زۆر بە نرخە، ئەی ئەگەر کەسێک ویستی ژیانامەی تۆ بکا بە فیلم ؟**

**یوستاین گۆردر:** لە چەند جێگەی دیکەش کوتوومە، حەز دەکەم **وەدی ئالێن** دەرهێنەری فیلمەکە بێت، خۆشم ئەکتەر بم، فیلمەکە باس لەوە بکا، من کتێبەکانی خۆم لەبن هەنگڵدابێ و بە دەوری دنیادا بگەڕێم و لە بارەیانەوە بدوێم، وا هەست دەکەم توانای ئەو دەورگێرانەم هەبێ. ئەزموونی ژیان وام پێدەڵێ.

**سەلاح: تا چە ڕادە باوڕت بە تەجروبە لە ژیاندا هەیە؟ ئەگەر کەسێک پرسیار بکا گەورەترین ئەزموونت لە ژیاندا چییە، تۆ دەتوانی وەڵام دەربڕی؟ مەبەستم ئەوەیە هاسانە بۆت؟**

**یوستاین گۆردر:** بڕێک سەختە وەڵامی ئەو پرسیارە. ڕەنگە سەیر و سەمەرە بێ، بەڵام گەورەترین ئەزموونی ژیانم ئەو کاتە بوو کە لە دایک بووم! بیست و چەند ساڵ بە سەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕ دەبێ کە من بۆ هەوەڵ جار کتێبێکی چاپکراوی خۆم بە دەستەوەگرت، ئەوەش تەجربەیەکی گەورە و خۆش بوو لە ژیانمدا. ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ حەقیقەتیش خۆی لە خۆیدا تەجروبەیەکی نایابە.

**سەلاح: دەبینم سەیر نوقمی ڕەمز و ڕازی هەبوونی!**

**یوستاین گۆردر:** من لە دنیادا نیم، خۆم دنیام، من میوانی حەقیقەت نیم، حەقیقەت خودی منە، فەلسەفە بە پرسیاری بچووک و گەورە تەندراوە، کەسێک کە لە سەرەمەرگ دایە بۆی گرینگ نییە کە دونیا لە چی سازکراوە، بەڵام پرسیاری بچووکی وەک ئایا فلانە کەس خۆشی دەوێم؟ بۆ ئەو گرنگترین پرسیارە ئەوەی کە ئێمە لە کوێرا هاتووین و بەرەو کوێ دەچین، پرسیاری گەورەو و لە مێژینەی فیلسوفان بوون، **بەڵام بە لای منەوە زۆر گرنگە کەسێک لە خۆی بپرسێ چۆن کەسێک پەیدا کەم کە منی خۆش بوێ و مانای عیشق بۆ ئەو گرنگ بێ.** یان ئەو کەسە لە کوێیە کە شیاوی وەبێ باقی ژیانمی لە گەڵ دابەش کەم، هەر مرۆڤێک جۆرە وەڵامی خۆی هەیە بۆ ئەو پرسیارانە. **وەک کەسێک کە هەولمداوە زمانی فەلسەفە بۆ کەمتەمەنەکان هاسان بکەمەوە بە لامەوە گرینگە کە چ شتێک ئێمە بە ڕەهایی دەگەیەنێ ؟عیشق؟ دین و مەزهەب؟**

**سەلاح: باسی دینت کرد، هێندێک پێیان وایە دین کۆیلەتی دێنێ، پێم خۆشە بزانم تۆ وەک چیرۆکنووسێک ڕوانگەت بۆ دین چیە؟**

**یوستاین گۆردر: بنەمای فەلسەفە کە بە پرسیار لە هەبوون و نەبوون دەستپێدەکا، خۆی زۆر نزیکە لە دین، فیلسوف دەپرسێ، دونیا چۆن ساز بوو، دینیش ئەو پرسیارە دەکا، بەڵام وەڵامەکانی فیلسوف یەک شت نییە و لکوپۆپی زۆر لێدەکەوێتەوە، کەچی دین وەڵامێکی بۆ هەیە و هیچ کاتیش ئەو وەڵامە ناگۆردرێ، حەز دەکەی بزانی من بۆچی وا بیر دەکەمەوە؟**

**سەلاح: بۆ من زۆر خۆشە بزانم**

**یوستاین گۆردر:** من لە بنەماڵەیەكی فەرهەنگی و رۆشنبیر گەورە بووم لە شاری ئۆسلۆ، دایكم جگە لەوەی مامۆستا بوو زنجیرە چیرۆكێكی منداڵانەشی بڵاو دەكردەوە. بابم مودیری قوتابخانەی دواناوەندیی بوو، ماڵەوەمان، هەموو جۆرە كەسێك رووی تێدەكرد، لە مرۆڤی چەپ را بگرە، تا مەزهەبی و دەستەراستی و ... هتد، ئەوە بوو كە من خۆم بە هیچ بیرۆكەیەكی تایبەت نەبەستەوە، نازانم تۆ ئەو كتێبەی منت خوێندۆتەوە یا نا؟ **"ژیان كورتە"**

**سەلاح: بەڵێ من بە كوردی خوێندوومەتەوە.**

**یوستاین گۆردر: كراوە بە كوردیش؟**

**سەلاح :بەڵێ: چەند كتێبێكی تۆ كراوە بە كوردی**

**یوستاین گۆردر:** من لەو كتێبەدا باسی خۆشەویستی دەكەم، عیشق بە خودا و عیشقی بە مرۆڤ، قارەمانی چیرۆكەكە لە بەر عیشقی بە خودا پشت لە خێزانی خۆی دەكا، من لێرەدا نەهاتووم ببمە قازی و بڵێم حەق بە كێهەیانە، خوێنەر خۆی بەو ئاكامە دەگات، ئەو جۆرە بیركردنەوەی خۆم لەو ماڵەی خۆمان دەزانم كە میوانداری هەر جۆرە فیكرێك بوو.

**سەلاح: كاتێك بیر لە چیرۆكەكانی تۆ دەكەمەوە دەبینم زۆربەیان بە شێوەیەك دیانهەوێ زەینی منداڵ و مێرمنداڵان بە بیری فەلسەفی را بێنن، هاورێیەكی من بە ناوی ئیدریس ئیسلامی پرۆژەیەكی عەملی بە وەزارەتی پەروەردە لە ئێران پێشنیاز كردووە كە منداڵان فەلسەفە بە زبانێكی سادە بخوێنن، یانی فەلسفە ببێتە كتێبێكی دەرسی منداڵان.**

**یوستاین گۆردر:** شتێكی زۆر بە نرخە، ئێمە لێرە شتێكی وامان نییە، زۆر خۆشحال دەبم نووسخەیەكی ئەو پرۆژەیە ببینم، كارێكی وا دەتوانێ گۆرانكارێكی جیدی و گەورە لە پەروەردەی منداڵاندا ساز كا، ئەگەر قسەت لە گەڵ ئەو هاورێیەت كرد، لە لایەن منەوە دەستخۆشانەی لێبكە، بە بروای من لە هەنگاوی یەكەمدا زۆر گرنگە دەستەڵاتدارانی حكوومەتیی، ئەوانەی كاریان پەسندكردنی ئەو جۆرە پرۆژانەیە، لە بایەخی كارەكە تێبگەن، ئەو جۆرە كارانە بۆ ئەوەڵ جار زۆر دیواری سەخت و بڵیندیان دێتە پێش، هەموو كارێكی چوارچێوەشكێن و نوێ ئەو كێشانەی هەیە.

**سەلاح: كاتێك "جیهانی سۆفی"ت دەنووسی هیچ كات بیرت دەكردووە كە منداڵان لە مەبەستە فەلسەفیەكان نەگەن؟ ئەو دیوارەی باسی دەكەی لە پێش كارەكەتدا بەرز بۆوە؟**

**گۆستاو یۆردر:** من دەمزانی كە سەرنجی منداڵان و مێرمنداڵان بۆ ئەو كتێبە رادەكێشرێت، چۆنكە من بە رۆحیەیەكی منداڵانەوە دەمنووسی، من نەمویستووە وانەی مێژووی فەلسەفە بدەم، گرنگ راكێشانی سەرنجی منداڵان بۆ خۆشییەكانی فەلسەفەیە، **چێشتنی تامی شیرینی فەلسەفە**، ئەوەیە مەبەستی سەرەكیی من. بەڵام زۆر گرنگە كە خوێنەر بزانێ چیرۆك دەخوێنێتەوە، نەك مێژووی فەلسەفە.

**سەلاح: كاتێك كتێبی "جیهانی سۆفی"م خوێندەوە كوتوپڕ كەوتمە بیر كتێبی بابە لینگ درێژ، قارەمانی چیرۆك جودیئابوتكە منداڵێكە لە رێگەی نامەوە لە گەڵ كەسێكی نادیار دەبێتە دۆست، لە "جیهانی سۆفی"یشدا منداڵێك لە رێگەی نامەوە لە گەڵ پیاوێكی نەناسراو دەبێتە دۆست!**

**گۆستاو یۆردر:** بیرێكی جوانە و بۆ من تازەیە، كەس تا ئێستا ئاماژەی بەوە نەكردووە، بەڵام ئاشنابوونی سۆفی لە گەڵ پیاوی نەناسراو، دەبێتە هۆی ئەوە كە سۆفی بچێتە ناو دنیایەكی گەورە و نەناسراو، تەنانەت سۆفی خولیای زانینی زۆرتر لەبارەی دونیای فەلسەفەدایە، بۆ سۆفی گرنگ ئەوە نییە پیاوەكە كێیە، رەنگە ئەگەر پیاوەكە چیرۆكی فەلسەفەی پێنەبا و سرنجی سۆفی رانەكێشابا، ئەو پێوەندییە بەردەوام نەبا. لە بابە لینگ درێژدا، جودی ئابوت منداڵێكی بێ باب و دایكە، دەیهەوێ بخوێنێ و بچێتە قوتابخانە بەڵكو لەو رێگەوە بتوانێ بۆشایی هەتیوبوونی خۆی پڕكاتەوە، بابە لینگ درێژ یارمەتی مەعنوی و مادی جودی دەدات تا جودی وەك ئەوانی دیكە بژی، بەڵام سۆفی دەیهەوێ وەك ئەوانی دیكە نەژی و لە راستیدا پێ دەنێتە دنیایەكی تەواو جیاوازەوە..

# زەردەخەنەی شۆڤێنیست!

## شۆڤینیزم چییە و ئەم وشە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟

**نووسینی: ئەیووب رەحمانی**

شۆڤینیزم وشەیەکی فەرەنسی و جێکەوتووی سیاسییە کە لە وشەی شۆڤین، یان شاوڤین وەرگیراوە. شاوڤین ناسناوی تازەسەربازێکی نەتەوەپەرەستی فەرەنسا بوو بە ناوی **نیکۆلاس شاوڤین** (Nicolas Chauvin)، لەسەردەمی **ئیمپراتۆر ناپلیۆن بناپارتدا** خزمەتی دەکرد و حەقدە جار لە شەردا لەپێناوی پارێزگاریی ولاتەکەیدا بریندار بوو. هزری ئیدیالیستیی ئەو، دواتر لە شانۆگەرییەکی **سەمفۆنیایی مۆس** دا، کە لەو سەردەمەدا لە پاریس خۆشەویست بوو، بوو بە بابەتی رۆژ و برایانی کۆگنیارد لە پاریس ساڵی ١٨٣١ نووسیان و بردیانە سەر سەکۆی شانۆ، پاش ئەو شانۆیە، نیکۆلاس شاوڤین ناوی دەرکرد و هەر لێرەشەوە وشەی شۆڤینیزم لە دایک بوو.

بەڵام شۆڤینیزم لە سیاسەتدا بە مانای خۆ بە زلتر و زیاتر زانین دێ و بەو کەسانە دەوترێت کە خۆیان یا نەتەوەکەی خۆیان لە نەتەوەی دیکە، یان کەسانی دیکە بە زیاتر دەزانن و خۆیان لە هەمو کەس پێ گەورەتر و خۆیان بە شایانی رێزی تایبەت دەزانن! لە کاتێکدا کە بێرێزی بە خەڵکی دیکە و گەل و نەتەوەی دیکە دەکەن، چاوەروان کە هەموو کەس ئەوان لە سەرسەری خۆیان دابنێن!

لە باری خوو و راهاتنی رەوشتەوە، رێزی بەرانبەرەکەت بگرە، تا ئەو جێگەی کە ئەویش رێزی تۆ دەگرێت و، تەنانەت ئەگەر ئەویش بێرێزی بە تۆ کرد، بەڵام تۆ وەک ئەو مەبە و بەو حاڵەش هەر رێزی ئەو بگرە یا هەر هیچ نەبێت تۆ بێرێزی پێ مەکەرەوە! بەڵام هەندێک جار مۆراڵیش خۆی خەتی سوری هەیە و ئەگەر شۆڤێنیستێک بیهەوێت خۆی بە سەرتدا بسەپێنێت، دەبێت پشتگوێی بخەی و بە هێندی نەگری، کە ئەمە باشترین هەڵسووکەوتکردنە لەگەڵی، یان دەبێت لێی قەبوڵ نەکەیت و لە بەرامبەریدا راوەستیت و تێیبگەیەنیت کە ئێمە هەردووکمان مرۆڤین، وەکیەک مافی یەکسانمان هەیە و، دەبێ بەچاوی رێزەوە لەیەکدیی بروانین، نە تۆ لە من زیاتری و، نە من لە تۆ زیاترم.

گەلی ئێمە لە کوردستان گەلێکی کۆیلەکراوە، نیشتمانمان بە هێزی سەربازیی داگیرکراوە، کولتور و فەرهەنگ و ئاسەوارەمێژوویییەکانمان لەنێوبراون و لە سەتا هەشتایان نەماون و فەوتاون. سیاسەتی تواندەوە و ئاسیمیلاسیۆن بە شێوەیەکی سیستەماتیک لە سەر گەلی ئێمە لە لایەن داگیرکەرانی نیشتمانمانەوە بەرێوە چووە و بە زۆر و سەرکوت، پێش لە بە کارهێنانی زمانمان گیراوە، بە تایبەت لە باری نووسین و خوێندنەوە و بەم جۆرە لە پاڵ هەموو زوڵم و زۆردارییەک کە لە سەرمان جێبەجێ کراون، هاوکات وێژە و ئەدەبی نووسراومان لەنێوبراوە، زمانەکەمان لاواز کراوە و زمانمان لە بیرمان براوەتەوە و هەندێک جار بە زەحمەت وشەی کوردی بۆ گەیاندنی مەبەستەکانمان دەدۆزینەوە و زۆرجار ناچارین وشەگەلی داگیرکەرانمان بە کار بێنین، یان پەنا بۆ وشەی رۆژئاوا بەرین. لە کاتێکدا زمانی کوردی خۆی زمانێکی زۆر کۆنە و لە بواری وشەدا زۆر دەوڵەمەندە و ئەگەر سیاسەتی کوژاندنەوەی لە سەر نەبووایە، ئێستا لە ئاست زمانی عەرەبیدا دەبوو کە بە هۆی بوونی قورئانەوە گەشەی کردووە. ئەمانە جگە لەوەی کە زمانمان هاوکات لەگەڵ رۆشتنە پێشەوەی تەکنۆلۆژیدا نەچووەتە پێشەوە و بۆ هەر هەموو ئەو کەرەستە نوێیانە کە لە پیشەسازیی نوێدا هەر لە گەشەی پیشەیی بریتانیاوە کە بە دروستکردنی ماشین دەستی پێکرد، هەتا ئەمرۆ، کە جیهان دیجیتاڵی بووەتەوە، بە ملیۆن وشەی نوێمان پێویستە کە دایان بنێین و بەم شێوەیە بتوانین زمانەکەمان رابگرین و بەر بە لەبیرچوونەوە و فەوتانی بگرین و گەشەشی پێ بدەین. ئەمانە لە رووی دەمارگرژییەوە ناڵێم، بەڵکو لەرووی زیندووراگرتنی زمانەکەمانەوە دەڵێم. جگە لەوە، گەلی ئێمە لە باری نرخی مرۆڤایەتیشەوە لە لایەن داگیرکەرانیەوە بە شێوەیەکی پلان بۆ دانراو، بە کەم نرخ و بە سووک چاوی لێدەکرێت. نموونەی هەرە ساکار و بەرچاو بۆ ئەم وتەیەم، زۆر ئاسانە و رۆژانە لە گەلی بەرەورو دەبینەوە! با لە پێشدا ئەمە دووپات و سەدپات بکەمەوە کە من لە دژی گەلی فارس وەک مرۆڤ نیم، بەڵام وەک داگیرکەر و بۆ سەلماندنی بوونی خۆم و گەرانەوەی کەسایەتی

و ئاورووی مرۆڤیم کە لە لایەن ئەو گەلەوە ژێر پێنراوە، ناچارم جار و بار بەم شێوە هێرشیان بکەمە سەر، دیارە ئەو تا ئەو جێگەیەی بۆی لواوە، بە خوێناویترین شێوەکان سەرکوتی کردووم، بەڵام من وەک ئەو ناکەم و تەنیا بۆ ڕۆشنگەری و مانەوە لە مێژوودا لە سەری دەنووسم!! بۆ نموونە ئەگەر کورد بێت، جارێک لە جارەکان، یان بە بەردەوامیی لە گەڵ فارسێکدا، دۆست بێت، یا خزم بێ، یان دەروردراوسێ بێ، یان هاوحیزبی بێت و هتد.. بە دڵنیاییەوە لەگەڵ گەلێک هەڵسوکەوتی نابەجێی فارسەکەدا بەرەورو دەبێتەوە. هەر یەکێک لە ئێمەی کورد، گەلێک نموونەمان لەم بارەیەوە هەیە و، بە سەریشمان هاتووە. بیهێننەوە بیری خۆتان، کە لە گەڵ فارسێکدا هەڵسوکەوتتان کردبێت، یان لە کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا چەند فارس و نافارسیشی لێیە و ئێوەش وەک کورد لەوێن و هەموو خەریکن لە بابەتێک دەدوێن. کە نۆرەی ئێوە وەک کورد دێتەوە قسە بکەن، بە تایبەت ئەگەر ناچاربن بە فارسیش بدوێن، یەکەمین هەڵسوکەوت کە لە فارسەکەی بەرامبەر بە خۆتان دەیبینن، ئەوە دەبێت کە بە گاڵتە و زەردەخەنەیەکی دزێوەوە گوێتان لێدەگرێت و بە تەوسەوە وڵامتان دەداتەوە!

**بۆ وایە و ئەمە لە چییەوە سەر چاوەی گرتووە؟** یان زۆ جار دیتوومانە کە کوردێک وەک بینەر و بیسەری تلویزیۆنێک، یان ڕادیۆیەکی فارسیزمان پێوەندیدەکات و لە باسەکەدا بەشداریدەکات و بە فارسی دەدوێت، وەڵامی ئەم بینەرە لەلایەنی بەرامبەریەوە بەردەوام بە زەردەخەنەیەکەوە دەدرێتەوە و وڵامدەرەوە کە فارسە، هەندێک کەسەکە وا لە پشت هێڵی تەلەفونەوەیە بە سووکی وەردەگرێت. هەندێک جار هەر کوردەکە خۆی کە تەلەفۆن دەکات و لەهجەی هەیە کە بە فارسی دەدوێت، هێندە چووەتە ناخییەوە کە خۆی لە بەرامبەر فارسەکەدا بە کەم بزانێت، داوای لێبوردن لە بەر لەهجەکەی دەکات، کە هیچ پێویست نییە لە بەر لەهجە داوای لێبوردن بکات، لەم کاتەدا لایەنی فارسەکە خێرا بە لووتبەرزی و بە زەردەخەنەیەکی خۆبەزلتر و باڵاترزانینەوە، داوای لێبوردنەکەی لێوەردەگرێ و بە شێوەیەکی سووک و سەلیمیش وەڵامی دەداتەوە، یان بێوەڵامی دەکات! لەم دواییانەدا لە تلویزیۆنی حیزبە کوردییەکان کە بەرنامەی فارسییان داناوە و کەسانێکی بە ڕەگەز فارسیش بەرنامەکە بە ڕێوەدەبەن، بەڕێوەبەرە فارسەکان بەردەوام خەریکی ئامۆژگاریکردنی کوردن و بە هۆ و بێ هۆ بە شانوباڵی کورددا هەڵدەدەن، وەک ئەوەی کە بۆخۆیان دەزانن کورد لە ئاست ئەواندا باوەڕیان بە خۆیان نییە، بۆیە هانیدەدەن ورەی بەرزبێ، ئازایەتیی دەدەنە بەر، هەندێک جاریش شووتی دەدەنە بنباڵی کورد، ئەمانەش هەموو لە تلویزیۆنەکانی حیزبەکوردییەکانەوە دەکرێن و خاوەنماڵ خۆی لە کرێچی بە کەمتر دەزانێت، یان بە پێچەوانەوە، کرێچی دەبێتە خاوەنماڵ! ئەمانە هەموو شتگەلی بچکۆلەن و ڕەنگە لای زۆرکەس بێبایەخ چاویان لێبکرێت، بەڵام لە باری کۆمەڵناسییەوە زۆر گرنگن و دەبێت زیاتر لێیان بکۆڵدرێتەوە و هەموو لایەنەکانی بدۆزرێنەوە و بدرێنە بەر تیشکی ڕەخنە. ئەگەر وا نەکەین، بەشەرزیوەکانی ئەو هاوپێکەوە ژیانانە نادۆزرێنەوە و دواتر هەموو پێوەندییەکانی ئەو دو گەلە دەرزێن!!

نموونەی دیکە پارێزەرانی مافی مرۆڤ و دیمۆکراسی فارسن، کە ئەگەرچی ئەمان دەبێت بە تایبەت ڕەگەزەکان بۆیان گرنگ نەبێت و تەنیا مرۆڤ و مافەکانی بۆ ئەوان گرنگ بێت، بەڵام کە باسی کورد و پێشێلکرانی مافەکانی دێتە پێش، بێدەنگ دەبن، یان بە کزیی باسی دەکەن و کۆتایی پێدێنن! لەم بوارەدا کار گەیشتووە بە جێگەیەک کە تەنانەت دەنگی پارێزەرانی مافی مرۆڤی کوردیشی دەرهێناوە و ئەوانیش هەستیان بەم کەلێنە کردووە و لە تلویزیۆنەکاندا ڕەخنە لەو هەستە شۆڤینیستییەی فارسە بەناو پارێزەرانی مافی مرۆڤەوە دەگرن، شتێک کە دەبێت بگوترێت و منیش دەستخۆشانەیان لێدەکەم کە وەها باسێک دەوروژێنن، دیارە من و کەسانێکی دیکەش هەن کە لەم بوارانەدا لە مێژە هەڵوێستمان گرتووە و زۆر جاریش کەوتووینەتە بەر ڕەخنەی بێ بەزەییانەش، لە کاتێکدا کە ئەگەر شەرتی ئینساف لە بەر چاو بگیرێت، هەمیشە حەق بە ئێمە بووە. دیارە من بە نۆرەی خۆم لە داهاتووشدا لەو جۆرە کەلێنانە دەکۆڵمەوە و لە سەریان دەنووسم و لەو بوارانە و زۆر بواری دیکەش بێدەنگ نابم، تا وەدەستهاتنی یەکسانی و تا مافی سەربەخۆیی وڵاتەکەم، کە ئەمە سەرەتاییترین مافە کە منی مرۆڤی کورد دەبێت وەدەستی بێنم و داگیرکەران و پێشێلکەرانی مافەکانیشمان ئەمە بە ئێمە ڕەوا نابینن، بەڵام بێگوێدان بە ئامانج و ویستی داگیرکەر، ئێمە ویست و ئامانجەکانی خۆمان زەقتر دەکەینەوە و تا وەدیهاتنیان ئارام ناگرین!

**گەلاڕێزانی ٢٧٠٩ ک**

# گوندەکان و هەڵەبجە

کامیل ژیر
jeerkamil@yahoo.com

ئەو گوندانە مەرووخێنن
ئەو گوندانە مەسووتێنن
بەبێ ورە، لەدووکەڵی ئەو گوندانە زیرە مەکەن
لەبەر بوورە، تۆپی دەستی نامەردانە ئاگر مەدەن
ئەو گوندانە جوان و دڵگیر و رازاوەن، بێ زیانن
ئەو گوندانە فریشتەی ئەم سەرزەمینەن، بێ زمانن
ئەو گوندانە بەهەشتێکی پیت و فەڕن
دەسی تاوانیان نەگاتێ، دوورەشەڕن

***

ئەگەر سزای ئەو گوندانە سووتاندنە،
چونکە گوندی جۆرە خەڵکێکی نەبەردن
کورەکورەی ئەو گوندانە، وان لەچیا، ئەڵێن ئێوە ئەگەر ئازان،
ئەگەر مەردن
وەرن ئێمە جەنگاوەرین، دروستکەری ئەو گوندانەین، وەرن وەرن
ئێمەین گیان و چاوو دەستی ئەو گوندانە، یەخەی ئێمەی لەسەر بگرن
وەرن لەمەیدانی جەنگدا دەرئەکەوێ کێ سوارەیە، کێ پیادەیە
کێ لەسەر مافی نەتەوەی، لەگەڵ ئێوەی ترسنۆکا، یەک بەدەیە

***

ئەگەر کێشەی نارەواتان، دەسەو یەخە، لەمەیدان و کۆری جەنگدا
لەگەڵ ئەو خاوەن گوندانە، یا لەتاوان دەسهەڵگرتن، ئەنجام نەدەن
ئەوا لەجێی ئەو گوندانە، ئەو مەردانە، کە دەستێکیان پیادا هێنان
لەکەللەی سەری پەریوتان، گوندی جوان و رازاوەتر، دروست ئەکەن
تائیرە: ١٩٨٨ وتراوە

***

گوندیان رووخان، شاریان سووتان، هەڵەبجەیان توانەوە
مرۆڤیان کوشت، بێجیاوازی، بەگەرمیان و کوێستانەوە
گوندیان سووتان لەناکاوا، بێ بانگەواز، بێ ئاگاو پرس
گوندیان رووخان بەشۆقڵ و بەنارنجۆک، بەتۆپی قورس
گوندیان رووخان بەسەر تەڕ و بەسەر وشکا بەبێ جیایی
هەڵەبجەیان گڕ تێبەردا بەئاگر و بەبەنزین و بەکیمیایی

گوندیان رووخان بەسەر ئاژەڵ و ئاوماڵا
گوندیان سووتان بەسەر قوتابی و منداڵا
بەسەر کەفتەکار و پیرا
بەسەر بێ چار و یەخسیرا
بەسەر ژنی زەیستانا
بەسەر ساوای بەرمەمکانا

***

گوندیان رووخان، قرچە قرچی ئێسکی شکاو
گوندیان سووتان، بۆ چرووکی لەشی سووتاو
بارەی ئاژەڵ، زریکەی مەل، نرکەی نەخۆش، زیرەی منداڵ، گریانی ژن
کاریان نەکردە تۆزقاڵێ لەبەزەیی و لەویژدان و دڵی دوژمن!
نەک هەر ئەوە، دڕندەکان پێش ئەکەنین، بەدەم هۆسە و هەڵهەڵەوە
بەدەم کرداری دزین و داوێنپیسی و راووڕووتی بەپەلەوە
ملی ژنانیان ئەپەران بۆ ملوانکە و گەردانەیەک
قاچی منداڵیان ئەقرتان بۆ بردنی پاوانەیەک
کاتێ کە نووزەی منال و کۆرپەی ساوای سەر بێشکەکان
لەمیزاجی شەڕئەنگێز و لەزەوقی بێ زووقیان ئەدان
لەجیاتی تۆزێ بەزەیی لەجیاتی شیر، لەجیاتی نان
ریزە گوللە و سونی و قەمەی ژاراوییان لەدەم ئەنان

***

بەبێ گوێدان بەوەی کامە دژ و کامە بەرەی دۆستە
بەبێ پرسیار لەوەی ئاخۆ ئەنجام هەتا چەنێ کۆستە
دەسی رەش هەتا مەچەک سووربوو بەخوێن
ئەبرایەوە بۆ خێزانی شێخ و مەلا و مسکێن و بەگ
دەمی پیسی پڕ لەلیک و لەتف و جوێن
ئەکرایەوە وەکو لوورەی گورگی هار و وەڕینی سەگ!

***

ئەنفالەکان!! ئەنفالەکان!!
نەیەک بوون و نەدوان و سیان
نەگوندێک و نە ناوچەیەک
نەهۆزێک و نەپارچەیەک
زیاد لەدەیان لەئافرەت و لەمنداڵان
زیاد لەسەدان بگرە هەزاران هەزاران
لەلاوو پیر
لەپیاوی ژیر
وەک رانەمەڕ پێش خۆ دران
کەس نازانی بۆ کوێ بران
لەکوێ دەماریان ئەگرتن بۆ خوێنی ئاڵ
دوایی بە کۆمەڵ کوشتن و زیندەبەچاڵ

***

کەسێک وتی لەعەرعەردا گوێم لەهاواری ژنێ بوو
وەکو ناڵە و سکاڵایەک، دەنگی هەبوو، رەنگی نەبوو
ئەیوت ئێستا لەم زیندانە تاریکەدا من نازانم دنیا رۆژە یاخو شەوە
من نازانم ئێرە کوێیە، ئاخۆ ئەمە کاتی ئاگا و هۆشمەندیمە، یاخود خەوە!؟
من نازانم کوڕ و مێرد و برا و خۆشک و کەسم ماوە!؟
کچۆڵەکەم بەکام میری وڵاتی نەوت فرۆشراوە!؟

من نازانم گوندەکەمان ئێستاکەش هەروەکو جاران
باعەی مەڕ و بارەی بزن سەدای دێ کاتی ئێواران!؟
من نازانم ئاخۆ ئێستا کانیی ژنان چ پێ و پل و پۆستاڵێکی تیادا ئەشۆن!؟
بەچ شەرم و بەچ روویەک لەبێستان و رەزو وەرد و باخی ولآتی من ئەخۆن!؟
من نازانم کە پاوانەی منداڵەکەم لە پێی پەتیی کام منداڵی
بێ باوانا خرنگەی دێ!؟
من نازانم زەنگڵەی ملی کارژۆڵەکەم لەبەر ملی کام وشتری
بیابانا زرنگەی دێ!؟
خۆزگە کەسێ بوێ ئەپرسیم سەرپەرچەم و مێخەکبەند و هەیاسەکەم
نەبراوە بۆ ژن و کچی (ئیبن حەرام) وەکو کەواو کراسەکەم!؟
ئەترسم ئێستا سنووقی هەشتەرخانی بووکێنیەکەم شکێنرابێ
سووتەمەنیی ژێر مەنجەڵی قسعەی چێشت و کتری چا بێ
ئەترسم شانی ئەسپە کوێت لەژێر باری مەینەتا بێ
ئەترسم قاز و مراوی و هەرچی هەمانە برابێ!؟
دەی باوابێ، سەرسەلامەت، سەری سەد و هەشتا هەزار خەڵکی دێهات
کە وەکو من بێ سەرو شوێن، کەس نازانێ بۆ کوێ بران، چیان لێهات!

***

لە پاڵ دروشمی ئەنفالا بێ ئەندازە سامانیان برد
تاتوانیان لە یەک کەوتە و دەستەوستان شکاریان کرد
سامانی زۆر، هەرچی هەبوو، هەمووی برا بەرادەیەک تاچەن ساڵێ دوای کارەسات، لەدوای هەرا
تاکە سۆلی ئافرەتی کورد لە پێی پەتی و پێخاوسی ژنی ئەوانا ئەبینرا!!

***

گوندیان رووخان، گوندیان سووتان
زۆری تیاچوو، بەهەزاران
ئەوەی مابوو، لە پیاوی کاڵ، لەکوڕی چاک
ئەوەی مابوو، لەشاژن و لەکچی پاک
بەفەرمان و بە پیلانی بارەگای دژ کرانە کۆمەڵ و بەش بەش
بۆ هەر بەشێ جۆرێ نەخشە، جۆرێ پیلان، جۆرێ سزا و ئەنجامی رەش
بەشێ بران بۆ سەرسنوور لە هەرزەکار، لەکوڕ و کاڵ
خوێنی لەشیان لێ دەرهێنان، ئنجا هەموو زیندەبەچاڵ!
بەشێکیتر ئافرەتانی لەکەس و کار، لەمناڵ و لە پیاو براو
کرانە گۆڵدەست و دیاری بۆ بەرمێزی میرەکانی نەوت و دراو
گوندیان روخان، گوندی نازدار
گوندیان سوتان، گوندی هەژار
بەلآ وەک تەرزە ئەباری، ساڵان هات و ساڵان رۆیی
خەڵکی هەموو چاوەروان و تینوی تۆڵە و سەربەخۆیی
لە پڕ رۆژێ لەرۆژانی دوا زستان و گورەی هەڵچونی نێرگزدا
شارو چیا، چەخماخەکەی راپەرینی گەلیان لێدا
شێر لەلانە.. کورد راپەری
بەرگی ژێردەستی دادری
لەیەک ریز و یەک بەرەدا، وەکو یەک گیان
قۆڵی راست لەقۆڵی چەپا، هەموو بران
گەل راپەری درشت و ورد، بەخەڵتاو، بەباشەوە
بەتەنانەت بریندار دەس و قاچ ورد و خاشەوە
لەهەڵۆ و باز بەهەڵمەت تر
لەشێر بەهێزتر و پتر
دەستی مەردانەیان وەشان
بارەگای دژیان هەڵوشان

***

کوردستانی رازاوەی جوان، کوردستانی بووکی زەوی
پشتی رەقی ئەژدەهاکی چەرخی بیستی تیادا نەوی
جەندرمەکان، ئەوانەیان
کە بووبوونە دەسی تاوان
ئەوانەیان رۆڵەی کوردیان بەریز و بەکۆمەڵ ئەکوشت
لەبۆسەدا دەستیان برا لەئەژدەهاک، بێ پەناو پشت
ئەوا ئێستا لەنەورۆزی رزگاریدا شەق لەلاشەو سەریان ئەدەن
لەقاچ و دەستی پەرپوو کەللە سەریان،
گوندی جوان و رازاوەتر دروست ئەکەن
هەڵەبجەکەی گەورەکچی شارەزووری شۆخ و شەنگی سەربڵندی کوردستانم
ئەڵێ تاکورد چەکی تۆڵەی لەشانا بێ، من نامرم، منی شەهید ئاوەدانم
لە تەواوکراوە ١٩٩١

بەڕێزەکان:
ئەوە مێژووی مەرگەساتی گوندەکان و هەڵەبجەی شاری رووسوورە
ئێستا هەڵەبجە و گوندەکان، وەک شەهیدێ، جێگەرێزی کورد و گەلانێکی دوورە
کەچی هێشتا دراوسێکانی ناتەباو دژ بەیەکتر، وەک مابێتیان کاولی کەن
بۆ ئێمە کۆک و تەبان و بەپای پیلان شەڕی ناوخۆ لەناومانا ئەنجام ئەدەن.

بەڕێزەکان:
خۆمەکەنە مەلای خەتێ و موشیر ئاغاو یەزدان شێری ئەم سەردەمە
کاری ئەم کوردە دژوارە، بۆ رزگاری و سەربەخۆیی، چەنێ یەک بین هێشتا کەمە
با هەڵەبجە و گوندەکان و ئەوانەی بە پۆل و کۆمەڵ بۆ کورد مردن
بکەین بە (وانە)ی پیرۆزی برایەتی و بەبەردەبازی یەکگرتن
لەیەکبوونا کۆتایی دێ بە برسێتی و گەرانەوەی لانەوازان
لەیەکبوونا کوردستانم ئەبێتەوە یەک قەوارە و یەک نیشتمان

١٩٩٤ کۆتایی

# لەبیروبڕوا و پرنسیپەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

نەتەوەی کورد یەک لە نەتەوەکانی هەرەدێرینی رۆژهەڵاتی ناڤینە و خاوەنی شارستانییەت و مێژوویەکی کۆنی هەزاران سالەیە. نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژووی لەسەر خاکەکەی کوردستان، ژیاوە و لەسەری دەژی. لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزمی جیهانی و، کۆتایی و ئاکامەکانی شەڕی دنیاگری یەکەم، کورد و نیشتمانەکەی کوردستان، لەنێوان حکوومەتەکانی شۆڤێنیست و دیکتاتۆری ئێران و عێراق و ترکییە و سوورییە و یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو دابەشکرا. خەباتی نەتەوەی کورد لەوساتە بەملاوە پێینایە دۆخێکی دژوار و نابەرامبەرەوە و، بە دەیان راپەڕینی یەک لەدوایەکی بەمەبەستی رزگارکردنی خاک و نیشتمانەکەی بەرپا کردووە. داگیرکەرانی کوردستان، جیا لە داگیرکردنی خاکی کوردستان، بەپێی سیاسەتێکی هاوبەش، دەستیانداوەتە ژینۆساید و تالانوبڕۆی سەروەت و سامان و کانزاکانی و، سووتاندن و چۆڵکردنی نێوچەکانی کوردستان و بێبەشکردنی کورد لەسامانی و، دەرکردنی لەسەر نیشتمانی باوباپیرانی.

دینەمۆ و بزوێنەری هەمووو رابوون و بزاڤێکی نەتەوەی کورد، چ لە کۆن و چ لە ئێستا، لە نێوەرۆکی خۆیدا، بەمەبەستی رزگاری و سەربەستیی بووە و، هێنانی بیرۆکە و ئایدۆلۆژی دیکە نەیتوانیوە و ناتوانێ، ئەو راستییە مێژووییە لەروخسار و نێوەرۆکی بزووتنەوەکانی کورد بشواتەوە.

ناکۆکیی سەرەکی و بنەڕەتیی لە کوردستان، لەنێوان داگیرکەران و، نەتەوەی کورددایە و، ئەو ناکۆکییەش بەگۆڕینی رژیمەکان، یان بە بەشداریکردن لە بزووتنەوەی دێمۆکراتیکی وڵاتە داگیرکەرەکاندا چارەسەر ناکرێت. لەسەر ئەم بناخەیە، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، گرێدان و بەستنەوەی بزاڤی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد بە چوارچێوەی سنووری جوگرافیایی داگیرکەران، لەلایەن پارتی و حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە، بەلادانێکی ئاشکرا لەپرنسیپی کوردستانیی دەزانێ و، ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئەوە شێوە خەباتە چ قازانجێکی بۆ نەتەوەی کورد و کێشەکەی تێدا نییە و نابێت. تاکە رێگە، پچڕانی دەسەڵاتی داگیرکەرانە لە کوردستان و، سڕینەوەی ئاسەواری پاشکەوتوویی و، دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دێمۆکراتە لەسەرتاسەری خاکی کوردستان.

## لەم روانگەیەوە، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەپێناو ئەم ئامانجانەدا تێدەکۆشێ!

- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ پەرەپێدانی هەست و بیروباوەڕی نەتەوەیی و، زیندووکردنەوەی کەسایەتیی نەتەوەیی لای مرۆڤی کورد، بۆ ئەوەی خۆی بەکورد بزانێ و، کوردستان بە موڵک و خاکی خۆی بزانێت!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات لەپێناو پێکهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی و، یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد. دەرکردنی داگیرکەران لە کوردستان بەرێگەی دیپلۆماسی و، سازکردنی زەوینەی راپرسییەکی سەرتاسەریی (رفراندۆم) لە کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ ستاندنەوەی هەموو ئەو نێوچە و مەڵبەندانەی کە بەپێی سیاسەتی شۆڤێنیستانەی بەعەرەبکردن و بە فارسکردن و، بە ترککردنی کوردستان، لەلایەن داگیرکەرانەوە زەوتکراون و، لە خاکی نیشتمان دابڕاون!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ دابینکردنی دێمۆکراسی و یەکسانیی لەسەر بناخەی بڕوابوون بە پلۆرالیزم و، جێبەجێکردنی ژیانێکی مرۆڤانە و ئازادانە و گوزەرانێکی بەختەوەرانە و سەربەرزانەی ئەوتۆ، کە شیاوی مرۆڤی ستەمدیدە و خۆڕاگری کوردبێت!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان رێز و مافی یەکسان وەک هاووڵاتییەکی کورد، بۆ ئەو کەمینە نەتەوانە دادەنێت کە پێشینەیەکی کۆنی هەزاران ساڵەیان لە کوردستاندا هەیە و، خۆیان بە کوردستانی دەزانن!**

بەم ئەدرەسە، پێوەندیی بە جەواد مەلا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە بگرن

Wka palingswich House
241 King Street
London W 6 9 L P UK.
wka@knc.org,uk
0044 – 208 748 78 74
0044 - 07768266005

Bi wê adres pêwendî legel serokayetîya kongrey NîŞtmanîya Kurdistan bigre!

**ئەدرەسی پێوەندی گرتن لەگەڵ برووسکە ئیبراهیم**

**بەرپرسیاری دەزگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

KNC@ribrahim.de Tele; 0049 – 82 33 80 61, Fax; 0049 – 82 33 61 21

نامە و وتار و پێشنیازی خۆتان بەم ئەدرەسە بۆ دەزگەی ڕاگەیاندنی کۆنگرە بنێرن!

KNC
P. B. 205 Holmlia
1204 Oslo, Norway.
post@kncsite.com
0047 – 93 83 99 53

Bi wê adres name û gotar û pêşnyaza xwe bo kongre bişîne!

---

"کۆنگرە" بڵاوکەرەوەی بیری ئازادی و دیموکراسی و سەرفرازیی نەتەوەی کوردە! بڵاوکەرەوەی بیری رزگاری و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە!

سەرنووسەر و بەرپرسیاری دەزگەی ڕاگەیاندن: "سیروان کاوسی"

Kongre, Blawkera bîra Rizgarî û Azadî Netewey Kurde!
Kongre, Blawkera bîrwbawerî kurdayetyî û Damezrandina Dewletî Serbexoy Kurdistane!

Serniwîskar û berprsyarî Dezgy Rageyandin; Sîrwan Kawsî

---

**ئەدرەسی ماڵپەڕەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت!**

| | |
|---|---|
| کۆنگرە ئینگلیزی: | www.knc.org.uk |
| کۆنگرە: کوردی (Latin)، عەرەبی، فارسی: | www.kncsite.com |
| رادیۆ رۆژاڤا: | www.rojavatv.org.uk |
| رادیۆ رۆژاڤای کوردستان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت: | http://www.radiorojava.net |
| سایتی دوکتۆر جەمال نەبەز: | http://www.jemalnebez.com |
| سایتی دوکتۆر جەواد مەلا: | www.jawadmella.org |